# خوێندنەوەیەک بۆ پەندی پێشینانی شێخ موحەمەدی خاڵ لەڕوانگەی دەروونناسیی ئەخلاقیدا

د. سازان جوهر حمەغریب
زانکۆی سەلاحەددین/ کۆلێژی زمان
sazan.hamaghareb@su.edu.krd

د. سومەیە نەجیب خەلیل
زانکۆی سەلاحەددین/ کۆلێژی ئەندازیاری
sumaya.klalil@su.edu.krd

بەرواری وەرگرتنی توێژینەوە : ٢٠٢٤/٩/١٥ بەرواری بڵاوکردنەوەی توێژینەوە : ٢٠٢٥/٣/٩

**پوختەی لێکۆڵینەوەکە:**

ڕەفتارە ڕەوشتییەکان لایەنێکی گرنگی کەسایەتی و پیشەیی مرۆڤەکان دەگرنەوە و بە بنەمایەکی سەرەکی لە هەڵسەنگاندنی وێنەی تاک لەناو کۆمەڵگە دادەنرێن. لە دەروونناسیدا هەڵسوکەوتە ڕەوشتییەکان، وەکو ناسنامەیەکی ئەخلاقی تاک لەناو کۆمەڵگەدا لێی دەڕواندرێت و بە هۆکاری باشترکردنی وێنەی تاک و توانای بڕیاردانی دروست و نەهێشتنی دڵەڕاوکێ و سەرکەوتن دادەنرێن.

پەندەکانیش وەک دەقێکی ئەدەبی، کە لەدایکبووی بارێکی دەروونین و هەڵگری چەندین چەمک و بەهای ڕەوشتی و دژە بەهای نارەوشتین، دەتواندرێ لە چوارچێوەی ڕێبازی دەروونناسی ڕەوشتیدا شەن و کەنیان بۆ بکرێت و گرنگترین ئەو ڕەفتارە ڕەوشتیانە دەستنیشان بکرێ، کە لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی کوردیدا بۆ ناسنامەی ڕەوشتی تاک ساغ کراوەتەوە. لە هەمان کاتیشدا ئەو مەیل و بیرە نائەخلاقیانە دەستنیشان دەکرێت کە لەلایەن بیروباوەڕ و نەریتی کلتووری گەلی کورد بە گشتی و لە لایەن منی باڵای تاکی کورد بە تایبەت ڕەت دەکرێنەوە.

ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم تایبەتە بە چەمک و زاراوەی دەروونناسی ڕەوشتی و بنەما و ئەدگاری ئەم چەمکە لە دەروونناسیدا، و گرنگی بەهای هەڵسوکەوتە ئەخلاقییەکان و پاڵنەرە ڕەوشتییەکان لەسەر کەسایەتی لەڕووی دەروونییەوە دەستنیشان دەکرێت. بەشی دووەم تایبەتە بە ڕەنگدانەوەی گرنگترین ئەو بەها ڕەوشتیانەی کە لەناو پەندە کوردییەکان ڕەنگیانداوەتەوە و لە چوارچێوەیەکی دەروونناسی و ڕەوشتی و کولتووری و بەهای کۆمەڵگەی کوردیدا هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت.

**وشە کلیلەکان:** دەروونناسیی ئەخلاقی، پاڵنەر، هێزی دەروون، ئەخلاق، پەند.

**پێشەکی**

ئەخلاق بە بنەمایەکی سەرەکی و ڕەهەندێکی گرنگی کۆمەڵگە و ژیانی تاک دادەنرێت، سیستەمێکە؛ بە پەیڕەوکردنی تاک بۆ بەرزترین ئاستی مرۆڤبوون بەرزدەکاتەوە. لەڕووی دەروونییەوە ئەرکی ئەخلاق ئەوەیە بەرگری لە کەسێتی و بەهای مرۆڤ بکات و بەرەو ئاراستەیەکی ئامانجداری ببات. ئەخلاق بەخاڵی جیاکەرەوەی مرۆڤ لە بوونەوەرەکانی دیکە دادەنرێت، بەوەی کە مرۆڤ تاکە زیندەوەرە قوربانی بە خواست و ئاواتەکانی دەدات بۆئەوەی بگات بە بەرزترین ئاست و پلەی ئەخلاقی و هەوڵ بۆ چەسپاندنی ڕاستی و جوانی و چاکە و پاراستنی کەرامەتی یەکتری و لێبوردەیی و دادپەروەری.. دەدات. شارستانییەت و ئاسایشی مرۆڤ بەندە بە ئەخلاقەوە و نەبوونی ئەخلاق ژیان و دەروونی مرۆڤ دەخاتە مەترسییەوەو وای لێدەکات ویست و ئارەزووە شەڕانگێزییەکانی بەسەریدا زاڵبن.

پاڵنەرە دەروونییەکانیش، کە سەرچاوەی بنچینەیی نواندنی کردە ئەخلاقییەکانن لەگەڵ هێزە دەروونییەکان ڕۆڵی گرنگیان لە پێوەرکردن و داڕشتنی بەها و ئەرکە ئەخلاقییەکاندا هەیە، بۆیە ئەم پرۆسە و سیستەم و پەیوەندییەی نێوان دەروون و ئەخلاق بەشێوەی زنجیرەی پەیوەست لەناو دەقی ئەدەبی بەگشتی و لە پەند و قسەی نەستەقدا بەتایبەت ڕەنگیانداوەتەوە، دەتوانرێت کاریگەری و کاردانەوەیان بەسەر یەکترییەوە بەدیبکرێت وبایەخیان لە پاڵ یەکتریدا بزانرێت.

**هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە:**
ڕەهەندی دەروونی و تیۆری دەروونشیکاری کاری ئەکادیمی جۆراوجۆریان لەسەر ئەنجامدراوە، بەڵام سەبارەت بە بابەتی دەروونناسی ئەخلاقی تا ئێستا توێژینەوەی ئەکادیمی لەم بارەیەوە بەرچاوناکەوێت، بۆیە بە پێویستمان زانی ئەم ڕێبازە وەکو دەسپێکێک بۆ شیکردنەوەی دەقی ئەدەبی کوردی بەکاربهێنین و سوود لە بنەماکانی وەربگرین و ڕەهەندە پێویستییەکانی بخەینەڕوو.

**سنووری توێژینەوە:**
بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە تەنها سوودمان لە نموونەی پەندە کۆکراوەکانی شێخ محمدی خاڵ وەرگرتووەو ڕێبازی دەروونناسی ئەخلاقیمان بەسەردا جێبەجێ کردووە.

**گیروگرفتی توێژینەوەکە:**
١- نەبوونی سەرچاوەی ڕەسەن و تایبەت بەم تیۆرە، چونکە ئەم تیۆرە بەزۆری لەناو کتێبەکانی ئەخلاقناسی یاخود لەناو جۆرەکانی دیکەی تیۆرە دەروونناسییەکاندا باسکرابوون، سەرچاوەی تایبەت بەم تیۆرە تەنانەت لە کتێبە عەرەبییەکانیش بەردەست نەبوون، بۆیە زۆربەی زانیارییەکان بەشێوەی گوتار و ماڵپەڕبوون، کە دیسانەوە ئەوانیش پشتیان بەسەرچاوەی بیانی بەستبوو.
٢- لەبەرئەوەی ڕێبازەکە و پراکتیزەکردنی بەسەر دەقی ئەدەبیدا، یەکێک بوولە کارە بەراییەکان و پێشتر لە هەوڵی ئەکادیمی دیکەدا نەبینرابوون، بۆیە کارەکە پێویستی بەوریایی و وردەکاری و سەرنجی زیاتربوو بۆئەوەی سنووری باسەکە لەگەڵ ئەخلاقناسی و دەروونشیکاریدا تێکەڵ نەبێت، چونکە ئەم ڕێبازە لە هەردووکیان جیاوازە و پراکتیزەکردنی شێوازی خۆی هەیە. بێگومان ئەم هەوڵەش پێویستی بەکاتێکی زێدەتر بوو.

**میتۆدی توێژینەوە:**
بەمەبەستی بەخشینی مۆرکێکی زانستی و ئەکادیمی بە توێژینەوەکەمان لە هەردوو لایەنی تیۆری وپراکتیکی، میتۆدی (وەسفی شیکاری) پەیڕەوکراوە.

**ئامانجی توێژینەوە:**
1 - ئامانجی توێژینەوە خستنەڕووی ئەو هێز و پاڵنەرە دەروونی و کۆمەڵایەتییانەیە، کە کاریگەرییان لەسەر کردەوە ئەخلاقییەکان هەیە و لەگەڵ دیارخستنی کاریگەرییە دەروونییەکانی ئەخلاقە پەسەند و ناپەسەندەکان لەسەر تاکەکان و بونیادی پەیوەندییان لەگەڵ دەوروبەردا.
٢- دیارخستنی پەیوەندی نێوان بنەما و ڕەفتارە ئەخلاقییەکان لەگەڵ دەروون و ڕەنگدانەوەیان لەناو پەندەکاندا.

**پلانی توێژینەوە:**
ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکییەک و دووبەش پێکهاتووە. لە بەشی یەکەمدا باس لە چەمک و مانای دەروونناسی ئەخلاقی و پەیوەندی ئەخلاق و دەروونناسی و گرنگی و پاڵنەری پرسە ئەخلاقییەکان لە ڕووی دەروونییەوە کراوە.
بەشی دووەم تایبەت کراوە بە پراکتیزەکردنی تیۆری دەروونناسی ئەخلاقی بەسەر پەندە کوردیەکاندا و جۆرەکانی ئەخلاق بەپێی تیۆری دەروونناسی ئەخلاقی دابەشکراوە لەسەر ئاستی تاک و پەیوەندی بە دەوروبەرەکەی.

**بەشی یەکەم**

**١-١ چەمک و پێناسەی دەروونناسی ئەخلاقی**
دەروونناسی ئەخلاقی ((ئەو زانستەیە کە گرنگی بە لێکۆڵینەوە لەو میکانیزم و پرۆسە بنەڕەتییە دەروونیانە دەدات، کە بەرپرسن لە ئەخلاق و هەڵسوکەوتە ئەخلاقیەکان و هەوڵی دۆزینەوەی کۆمەڵە بابەتێکی فراوانی ئەخلاقی، وەکو کەسایەتی و هەست و پاڵنەر و وروژێنەرو یاسا ئەخلاقییەکان دەدات))[(1)].
دەروونناسی ئەخلاقی پێناسە دەکرێت بەوەی ((کە لێکۆڵینەوە لە لایەنەکانی دەروون بۆ ئەخلاق دەکات، بەدوای ئەو هۆکارانەوەیە، کە بۆچی خەڵکی لە زۆربەی جاردا بەدوای شتی ڕاستەوەن و جیاوازی لە نێوان کارێکی باش و هەڵسوکەوتێکی ڕەوشتی چییە، لە هەمان کاتیشدا پرس و جۆ بۆ سروشتی ڕێکارەکان و بەرپرسیارێتیە ئەخلاقییەکان دەکات))[(2)].

(1) أميرة محمود محمد، برنامج مقترح في قضايا علم النفس الأخلاقي لتنمية الوعي، مجلة جامعة الفيوم للعلوم التربوية والنفسية، المجلد (17)، عدد (5)، أبريل 2023، ص1018.
(2) ضياء احمد الجالودي، علم النفس الأخلاقي، ص1،

واتا لە دەروونناسی ئەخلاقیدا گرنگی بە بنەما ئەخلاقییەکان دەدرێت و پرسیاری ئەوەیان لەسەر دادەنرێت رۆڵی کەسێتی لە بەرپرسیارێتی و هەڵسوکەوتە ئەخلاقیەکاندا چییە و بۆچی گرنگی بە بەها ئەخلاقی و رەوشت و رەفتارە پەسندەکان لەناو کۆمەڵەی خەڵکی دەدرێت.

هەروەها لە چەمکی دەروونناسی ئەخلاقی ئەوە روونکراوەتەوە کە لەرووی دەروونییەوە گرنگی بە رەفتاری ئەخلاقی دەدرێت، رەفتاری ئەخلاقیش لە دەروونناسیدا بە ((پاڵنەرە دەروونییەکان و رەخساندنی زەمینەی دەروونی گونجاو بۆ ئەنجامدانی رەفتاری ئەخلاقی دادەنرێت. واتە دەکرێت بپرسین: بۆ ئەنجامدانی کار و رەفتاری ئەخلاقی ئاراستەکراو، باشترین پاڵنەر و پشتوانی دەروونی چییە؟ ئایا بریتییە لە ئایین، ویژدان یان فەرمانەکانی عەقل؟))[1]. ئەمە جگە لەوەی لە دەروونناسی ئەخلاقیدا گرنگی بەهاو پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی تاکیش دەدرێت، کە رۆڵیان لە پاڵنەرە ئەخلاقییەکاندا هەیە بە هەند وەردەگیرێت.

بۆیە ((دەروونناسی ئەخلاقی بە یەکێك لە گرنگترین ئەو مەیدانانە دادەنرێت، کە روونی کردەوە پەیوەندی لە نێوان ئەخلاق و دەروونناسیدا هەیە و دیاردەی ئەخلاق بە بابەتێکی گرنگ بۆ دەروونناسی دادەنرێت، کە ئەمەش بە سەرنجدان لە رەوشت و هەڵسوکەوتی تاکەکان تێبینی دەکرێت))[2].

دەروونناسی ئەخلاقیش لە بنەڕەتدا بوارێکە لێکۆڵینەوەکانی لە سنوری فەلسەفە و دەروونناسیدایە و هەردووکیان بەیەکەوە دەبەستێتەوە[3]، بە واتای ئەوەی ((کۆمەڵێك لە باس و بابەتی فەلسەفی و هەندێجار ئەزموونی، کە پەیوەندییان بە کاروباری دەروونی مرۆڤەوە هەیە، لە پلەی یەکەم و هۆکاری ئەخلاقی یان لە پلەی بینەرو داوەری ئەخلاقی لەگەڵ ئەمانە سەرو کاری هەیە))[4].

بێگومان ئەمەش تازە هەوڵێك نییە، کە دەروونناسان هاتبن و هەردوو بواری فەلسەفە و دەروونیان بەیەکەوە بەستبێتەوە و لەسەر چەمکی ئەخلاق قسەیان کردبێت، بەڵکو ئەم پرسە لە سەردەمی ئەرستۆوە جێی باس و خواسی رووناکبیر و فەیلەسوفان بووە، هەروەك ئەرستۆ ((ئەخلاق بە سیاسەت و پەروەردەکردنی دەروون وەسف دەکات، بە شێوەیەك، کە ئەو دەروونە ببێت بە خاوەنی ئەو فەزیلەتە مرۆییانەی، کە مرۆڤی خاوەن فیترەتی پاك ئامانجیەتی بەدەستی بهێنێت))[5].

کەواتە دەروونناسی ئەخلاقی سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی فەیلەسوفە کۆن و سەرەتاکان، بەڵام وەکو رێبازی سەربەخۆ درەنگ دەستی بەکارەکانی کردووە. هەروەها زۆر جاریش لە ناساندنی و تێگەیشتنی دەروونناسی ئەخلاقی دا دەوترێت کە ئەخلاقناسی و دەروونناسی و فەلسەفەی عەقل بەیەکەوە تێکەڵ دەکات. لە ئەنجامیشدا کار لەسەر کومەڵە تەوەرەیەکی سەرەکی دەکات کە گرنگترینیان ئەمانەن:

حوکمدانی ئەخلاقی و بیرکردنەوەی ئەخلاقی، هەستیاری ئەخلاقی، بەرپرسیارێتی ئەخلاقی و ناسنامە و شوناسی ئەخلاقی و فرەچەشنی ئەخلاقی و کردەوەی ئەخلاقی، کەسایەتی ئەخلاقی بە تایبەت ئەوەی پەیوەندی بە رەوشتی چاك و پەسندەوە هەیە[6]، جگە لەم بوارانە گرنگی بە ((پاڵنەری ئەخلاقی گەشەسەندنی ئەخلاقیش دەدات))[7]. جگە لەو تەوەر و چەمکە سەرەکیانە دەروونناسی ئەخلاقی ئارەزوری وەڵامدانەوەی کۆمەڵێك پرسیاري بەرفراوانیشی هەیە لەوانە:

1. چ جۆرە بیرکردنەوەیەك دەبێتە هۆی حوکمدان لەسەر ئەخلاق و ئەو بیرکردنەوەیەش لە ئاستی مرۆڤ و ئاژەڵدا چۆن گەشەیان کردووە[8].
2. بۆچی بەشێوەیەکی ئەخلاقی هەڵسوکەوت دەکەین و پاڵنەرە ئەخلاقیەکان چین؟[9]

بەهۆی تیشك خستنە سەر بابەت و پرسیار و چەمکە ئەخلاقیەکان لەناو دەروونناسیدا، رووناکبیران پێیان وابوو بەشێك لەو پرسە سەرەکیانەی فەیلەسوفان بۆ چەندین سەدە بیریان لێ دەکردەوە، لەوانە پرسی ((مرۆڤێکی باشە))، مانای چیەو چارەسەریان

https://www.scribd.com/document/708267139/

(1) نوعمان محەمەد ئەڵماس، سروشتی پەیوەندی نێوان ئایین و ئەخلاق، ڕێکخراوی هەژان بۆ فیکر و مەعنەوییەت، چاپخانەی سارا، چاپی یەکەم، سلیمانی، ٢٠٢٠، ل108.

(2) سامية عرعار و سامية خنضار، الالتزام بالسوك الأخلاقي وقاية من الأمراض النفسية، مجلة دراسات، جامعة عمار ثليجي بالأغواط، عدد (33)، ص108.

(3) T.E. Britannica, Moral-Psychology. Retrieved From Encyclopedia Britannica. (2023, June 8). https//:www.britannica.com/science/moral-Prynology

(4) موسعەب ئەدهەم، ئەخلاقی کرداری، ڕێکخراوی هەژان، چاپخانەی سارا، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2020، ل295.

(5) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل291.

(6) علم النفس الأخلاقي، ويكيبيديا، الموسوعة الحرة. ar.wikipedia.org.

(7) T.E. Britannica, Moral-Psychology. Retrieved From Encyclopedia Britannica. (2023, June 8). https//:www.britannica.com/science/moral-Prynology

(8) آسيا صالحة، السلوك الأخلاقي في علم النفس، 23 نوفمبر 2022، http://mawd003.com/

(9) ضياء احمد الجالودي، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص1.

بۆ نەدەدۆزرایەوە، دەکرێت بە زیادکردنی ئامراز و لێکۆڵینەوەکانی دەروونناسی بۆ ئەم چەمکانەی فەلسەفە زیاتر ڕۆشنایی بخرێتە سەر ئەم جۆرە پرسیارە گرانانە و لە ڕێگای هەردوو زانستەکە وەڵامی گونجاو و قەناعەت پێهێنەریان بۆ بدرێتەوە[1].

کەواتە دەروونناسی ئەخلاقی لە ڕوانگە فەلسەفیەکەیەوە بریتیە لە گەشەسەندنی شوناسی ئەخلاقی و تێکەڵ کردنی نموونە باڵایە ئەخلاقیەکان لەگەڵ کەسایەتی مرۆڤ.

ئەوەی شایانی باسیشە زاراوەی دەروونناسی ئەخلاقی هەرچەندە وەکو بوون و بوار و بابەت مێژوویەکی کۆنی هەیە بۆ سەردەمی ئەفلاتوون و ئەرستو دەگەڕێتەوە، بەڵام وەکو ڕێباز و تیۆرێکی سەربەخۆ و دیارکراو لەڕووی مێژووییەوە تا ڕاددەیەك ئەم زاراوەیە بە تەسکی بەکار هاتووە، تا لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم چەند دەروونناسێکی وەکو (لورانس کولبرج) و (جان بیاجە) و (کارول جیلجان) و (إلیوت توریل) و (لیندا سکیتکا) ... هتد، پەیدابوون و گرنگیان بەم بابەتەدا، بەم جۆرە ئەم تیۆرە بوارێکی فراوانی بەخۆیەوە بینی و بۆ ئاماژەدان بۆ بابەتێکی زۆر و هەمەچەشن بەکارهات[2]. بووەتە سەرچاوە بۆ هەڵسەنگاندنی چەندین بابەت و مەبەست ولێکدانەوای دەروونی بۆ پرسە ئەخلاقیەکان.

**١-٢ پەیوەندی ئەخلاق و دەروونناسی**

ئەخلاق و دەروونناسی دوو بوارن بەناو یەکداچوون و کارلێکی زۆریان لەگەڵ یەکدا هەیەو هەریەکەیان توانیویەتی سوود لەویتریان وەربگرێت و بنەما و تایبەتمەندی و تێگەیشتن و وردەکاری بوارەکەی خۆی پێ فراوان بکات.

ئەخلاق بریتیە لەو بنەما و بەها ئەخلاقیانەی کە ڕێنمایی و ڕەفتار و بڕیاردانەکانی مرۆڤ دەکات[3]. بە واتایەکی تر بنچینەی ئەخلاق ((مانای کاری چاك و دورکەوتنەوە لە خراپە دەگەێنێت، چونکە ئێمە لە هەموو هەڵسوکەوت و بیرکردنەوە ئەخلاقیەکانماندا مەبەست و ئامانجمان ئەوەیە چاکەو خێر بڵاو بکەینەوە))[4].

دەروونناسیش ئەو زانستەیە ((کە لێکۆڵینەوە لە ڕەفتار و هزرو بیرکردنەوە و کەسایەتی مرۆڤ دەکات، بە ئامانجی ئەوەی لە کردارو هەڵسوکەوتی مرۆڤ تێبگات و لێکدانەوە بۆ ئەوە بکات کەچیی بریار و حوکم لەسەر مرۆڤ دەکات))[5].

واتە ئامانجی هەریەك لە دەروونناسی و ئەخلاقناسی تێگەیشتنە لە ڕەفتار و بڕیار و کردارەکانی مرۆڤ ئەمە جگە لەوی خودی ((لێکۆڵینەوە لە ڕەفتار پڕۆسەیەکی وردە، وا دەکات مرۆڤ ببێتە چەقی گرنگی پێدان، لەبەر ئەوە ئامانجی لێکۆڵینەوە لە ڕەفتار بۆ زیادکردنی خوشگوزەرانی و مرۆڤایەتی مرۆڤە، ئەمەش وا دەکات دەروونناسی لە هەموو ڕۆڵەکانیدا بۆ تاك گرنگ بێت))[6]و نواندنی کرداری ئەخلاقیش بەشێك بێت لە دابینکرنی ئەم خۆشگوزراینەو پەرەپێدانی، چونکە خودی ((ئەخلاق خۆی فۆرمێکی جێگری لە دەرووندا هەیە، کردار و هەڵسوکەوتەکانمان بە ئاسانی بەبێ بیرکردنەوە لێیەوە بەرهەم دێت ئەگەر هاتوو ئەو فۆرمە کرداری باشی بەرهەم هێنا مانای وایە دەروونەکە باشە، ئەگەر کاری خراپیشی لێوە دەرچوو مانای وایە دەروونەکە خراپە))[7].

لەمانەوە بۆمان دەردەکەوێت کە کەرەستەی هەردوو بوارەکە تێکەڵ بەیەك دەبن و هەر کامیان لەکوێ ئاستەنگی هاتە پێش دەتوانێت سوود لەوی تریان وەربگرێت، هەر ئەمەش ڕێگا خۆشکەر بوو بۆ ئەوەی دەروونناسان لەکاتی لێکۆڵینەوەیان لە حوکم و بیرکردنەوە و پەرەسەندنە ئەخلاقیەکان و کاریگەرییە دەروونیەکانی لەسەر مرۆڤ، هەستی بە پێویستی دانانی ڕێبازی دەروونناسی ئەخلاقی بکەن و ڕۆڵی تیۆر و بنەما ئەخلاقیەکان لە خزمەتکردنی پڕۆسەی دەروونی بەهەند وەرگرن.

هەروەها دەروونناسەکان دانیان ((بەو ڕاستیەش دانا کە ڕەفتاری ئەخلاقی گرنگە لە باشترکردنی وێنەی تاك لە بەردەم کەسانی دیکەدا، کاتێك پەیڕەوی هەندێك تیۆر و بنەمای ئەخلاقی دەکات، وەك یارمەتی دانی کەسانی دیکە و قبوڵ کردنی بەها و داب و نەریت و ڕێزگرتن و ڕاستگۆیی ... هتد))[8].

---

(1) علم النفس الأخلاقي، كلية ماكو مبس لإدارة الأعمال.
https://ethicsunwrapped.utexas.edu/glossary/ moral-psychology

(2) علم النفس الأخلاقي، ويكيبيديا، الموسوعة الحرة. ar.wikipedia.org

(3) محمود حمدى زقزوق (د.)، مقدمة في علم الأخلاق، دار القلم، الطبعة الثالثة، الكويت، 1983، ص17-18.

(4) أحمد عبدالعليم عطية (د.)، الفلسفة العامة نظرة جديدة، دار قباء للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة، ص179.

(5) سليم بزيو (د.)، دروس جامعية في علم النفس التربوي، جامعة محمد خيضر بسكرة، 2016، ص5.

(6) ابتسام الزويني (د.)، علم النفس العام، كلية التربية، قسم اللغة العربية، جامعة بابل، 2017، ص4.

(7) أبو حامد محمد بن محمد الغزالي الطوسي، إحياء علوم الدين، المكتبة الشاملة، دار المعرفة، ج3، بيروت، 2019، ص53.

(8) آسيا صالحة، السلوك الأخلاقي في علم النفس، 23 نوفمبر 2022، http://mawd003.com/

بە گوێرەی ئەمەش بێت ئەخلاق لە ڕووی دەروونیەوە بریتیە لەو بەها و سیستم و پێوەرەی کە ئەرکی ئاراستەکردنی تاکەکانە بۆ ئەوەی وێنەیەکی قبوڵ کراوی هەبێت بەپێی ئەو داب و نەریت و مەرجە ئەخلاقیانەی کومەڵگای تاك بە پەسندی دەزانێت.

چونکە ئەگەر بێت و تاك لە ڕووی ئەخلاقیەوە نەتوانێت وێنەیەکی دورست بەپێی ژینگەو ئەو کۆمەڵگایەی کە لێی دەژیت دروست بکات تووشی گرفتێگی دەروونی دەبێت، کە دەروونناسان ناویان ناوە ((دڵەڕاوکێ ی ئەخلاقی))، کە بریتیە لە ((ئاگادارکردنەوەی (من) لایەن (منی باڵا)وە کاتێك (ئەو) هەوڵ ئەدات مەیل و بیرە نائەخلاقیەکانی خۆی پیشان بدات و لە بەرامبەر (منی باڵا)دا هەست بە تاوان و شەرم ئەکات، پەرچدانەوە پیشان ئەدات، لێرەدایە کە دڵەڕاوکێ ی ئەخلاقی دروست ئەبێت))[1].

ئەم دڵەڕاوکێیە لە ڕاستیدا بەهۆی ئەوەیە کە تاک ئەترسێت لە بیرکردنەوەك یان ئەنجامدانی ئیشێک، کە ئەخلاقی کۆمەڵگا یا خود ژینگەی خێزانەکەی پەسەندی نەکات. لەبەر ئەوەی لەناو هەر نەتەوەیەکدا نموونە ئەخلاقیەکان ڕەنگدانەوەی هەل و مەرجی کۆمەڵایەتی و جیاوازی و پابەند بوون پێیانەوە بەپێ ی پێوەرە کۆمەڵایەتی و شوێن و ناوچە جیاوازەکان دەگۆڕێ، بێگومان ئەمەش خۆی لەخۆیدا پەیوەندیەکی گرنگی نێوان ئەخلاق و باری دەروونی تاك و کردار و ڕەفتاری کەسەکان دەردەخات.

ئەخلاق لە دەروونناسیدا ئاماژەیە بۆ سێ ماناي سەرەکی، کە یەکەمیان گوزارشتە بۆ بەرگریکردن لە ڕەفتاری هەڵە کە هۆکارە بۆ پڕکردنەوەی پێویستی یان سوودێکی تاکەکەس، دووەمیان بە پێوەری خودی دادەنرێت، بۆ کۆنترۆل کرنی ڕەفتاری تاك تەنانەت ئەگەر دەسەڵاتێکی دەرەکیشی لەسەر نەبێت، سێیەمیشان ئاماژەیە بۆ ئەو ڕەفتارانەی تاك ئەنجامی دەدات، کە لەڕووی تێگەیشتن و عەقڵ و لۆجیکەوە قبوڵ کراون، وەکو ڕێپیشاندەرێکن بۆ هەڵسوکەوت[2].

ئەرکی ئەخلاق لە ڕووی دەرونیەوە ئەوەیە تاکێکی باش و چالاك و دەروون دورست بەرهەم بهێنێت، ((چونکە تاکەکان پەنا دەبەنە بەر ئاراستەی ڕەفتاری ئەخلاقی بۆ پەرەپێدانی کەسایەتی خۆیان و یارمەتیدانیان لە بڕیاردان و پەرەپێدانی بیرکردنەوە، کە دەبێتە هۆی حوکمدان لەسەر ئەخلاق لەلای تاکدا))[3]. بەواتایەکی تر کەوابێ تاك بنەما و تیۆریە پەسندکراوە ئەخلاقییەکانی کۆمەڵگاو ئەو ژینگەی تێیدا دەژیت وەردەگرێت وەکو ((چوارچێوەیەك یارمەتی دەدەن بۆ هەڵسەنگاندن و پاساو هێنانەوە بۆ بڕیاردان و کردارە ئەخلاقییەکان، هەروەها دەتوانن یارمەتی دەرمان بن بۆ دەست نیشان کردنی چارەسەری ململانێ و دوولایەنە ئەخلاقییەکان))[4].

لەژێر ڕۆشنایی ئەم کورتە پەیوەندییەی باسکرا، ئەوە دەردەکەوێت بە لێکۆڵینەوە لە یەکتربڕینی نێوان ئەخلاق و دەروونناسی تێگەیشتنێکی قوڵترو فراوانتر لە ڕەفتاری مرۆڤ و ڕەهەندە ئەخلاقیەکان بەدەست دەهێنرێت، دەتوانێت هۆشیاری و هەستیاری ئەخلاقیمان پەرە پێبدات و بەرزی بکاتەوە ((چونکە دەروونناسی ئەخلاقی تەنها هەوڵێکی زانستی و پیشەیی نیە، بەڵکو هەوڵێکی کەسی و کومەڵایەتیشە و کاریگەری لەسەر کردار و ڕەنگدانەوەی بەها و بنەماکان و شێوازی بیرکردنەوەدا هەیە، ئەمە جگە لەوەی کە بەهۆکاری خوشگوزەرانی خۆمان و ئەوانی دیکە هەژمار دەکرێت[5].

### ١-٣ گرنگی و پاڵنەری بنەما و پرسە ئەخلاقیەکان لەڕووی دەروونیەوە

**أ- پاڵنەری هێزی دەروون:**

چوارچێوری سەرەکی سیفەتە دەروونیەکانی مرۆڤ بۆ چوار هێز دەگەڕێتەوە، کە سەرەتا ئەفلاتون دیاری کردوە و دەروونناسان پەرەیان پێدا، کە بە پاڵنەری سەرەکی نواندنی ڕەفتار و سیفەتەکانی مرۆڤ دادەنرێت کە ئەمانەی خوارەوەن:

1- هێزی عەقلی: ئەم هێزە تواناى ناسینەوەی چاکە لە خراپەی هەیە، پاشان فەرمان بە مرۆڤ دەکات بۆ چاکەکردن، واتا نواندنی ئەخلاقی باش جێهێشتنی خراپە، چونکە ئەم بەشە بەرپرسە لە پرۆسەی بیرکردنەوە و بە ڕێکخەری کەسایەتی مرۆڤ دادەنرێت[6].

2- هێزی توڕەبوون: ئەم هێزە لە دەروونناسیدا یەکێکە لەو ڕێگانەی کە مرۆڤ بۆ دوورخستنەوەی خراپە و زیان و مەترسی لە خۆی بەکاریدەهێنێت[7]، ئەگەر بێت و لە شوێن و مەبەستی دیاریکراو بەکاربێت، دەبێتە پاڵنەری سەرەکی لە ڕەتکردنەوەی

---

[1] سەعید شاملۆ (د.)، قوتابخانە و تیۆرەکانی دەروونزانی کەسایەتی: فرمێسك رزگار محمد؟ سیدۆ داود عەلی، چاپخانەی گەنج، چاپە دووەم، سلێمانی، 2019، ل51.

[2] حسن مصطفى عبد المعطي/ هدى محمد قناوي، علم النفس النمو، القباء للنشر والتوزيع، مكتبة النور، 2017، ص691.

[3] آسيا صالحة، السلوك الأخلاقي في علم النفس، 23 نوفمبر 2022، /http://mawd003.com

[4] علم النفس الأخلاقي: كيفية فهم السلوك البشري والتأثير عليه بطريقه أخلاقية. http://fastercapital com/arabpreneur/

[5] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[6] ابراهيم الفقي (د.)، قوة العقل الباطني، ثمرات للنشر والتوزيع، الطبعة الأولى، 2011، ص22-23.

[7] يوسف كرم، تاريخ الفلسفة اليونانية، مطبعة الجنة للتأليف والترجمة والنشر، ١٩٤٦، القاهرة، ص95.

هەڵسوکەوتی هەڵە و دەستەبەرکردنی داد پەروەری ومافەکان، لە هەمان کاتیشدا تورەبوون ئەگەر نەتوانرا بەشێوی دورست لەلایەن ئەعقلەوە کۆنترۆڵ بکرێت خۆی دەبێتە سیفەتێکی رەوشتی ناپەسند، نەوەك پاڵنەر.

3- هێز و پاڵنەری حەزو ئارەزوو: ئەم هێزە مرۆڤ بە هۆیەوە بەدوای سوودا دەگەرێت بۆ خۆی، وەك خواردن و خواردنەوە و حەزو ئارەزوەکان وخۆشەویستی بۆ ماڵ و هێز، بەبێ ئەوەی رەچاوی ئەوە بکات ئەم شتە باشە یان نا، جوانە یان ناشرین، ئەگەر هاتوو ئەم هێزە لەوپەری زیادبوون بوو پێی دەوترێت رەوشتی ناشرین و خراپە سەرزەنشت دەکرێت، بەڵام ئەگەر بەرەو کەمبوون بوو، مانای وایە لە ژێر کۆنترۆڵ دایە و شایستەی ستایش کردنە، بە واتایەکی تر حەزو ئارەزووەکان رۆڵی ئەرێنی و نەرێنی لەسەر رەوشت و کردار و رەفتاری مرۆڤ دەبینن و لە دەروونناسیدا بە جولە هێنەری سەرەکی بۆ هەڵسوکەوت دادەنرێت[1].

4- هێزی دادپەروەری: لێرە ئەم هێزە بە مانای ئەوە دێت کە هەماهەنگی لە نێوان سێ هێزەکەی تری دەروون دەکات کە عەقڵانیەت و تورەیی و ئارەزووەکانن، مەرج و ئەرکی ئەو هەریەك لە هێزانە بەدیار دەخات و هاوسەنگی لە نێوانیان رادەگرێت، بۆیە بۆتە هێزی چوارەم و ناوە لێنراوە دادپەروەری[2]. بە مانایەکی تر دادپەروەری بریتیە لە کۆنترۆڵ کردنی تورەیی و ئارەزووەکان لەژێر رێنمایی عەقل و عورفدا، بە پاشای هێزە دەروونیەکان لەرووی ئەخلاقییەوە دادەنرێت، کە دەتوانێت ببێتە پاڵنەری سەرەکی نواندنی ئەخلاقە پەسندەکان و رێگریکردن لە ئەخلاقە نەخوازراوەکان[3].

جگە لەو چوار هێزە دەروونیانەی کە بۆ پاڵنەری ئەخلاق لەرووی فەلسەفی و دەروونیەوە دەست نیشان کراوە، دوو پاڵنەری تر هەن کە هاوشانن لەگەڵ ئەم هێزە دەروونیە ئەوانیش (بیر و باوەری ئاینی) و ( فیترەتە)، ئەم دوو چەمکە لەلای دەروونناس و رووناکبیران چەختی زۆری لەسەر دەکرێتەوە، وەکو پاڵنەرێکی کاریگەر و گرنگ گفتوگۆی زۆری لەسەر کراوە، بۆ نموونە (غەزالی) پێی وایە ئەخلاق گوزارشتە لە وێنەیەکی چەسپاوی دەروون و ناوەوەی مرۆڤ، زۆر جار مرۆڤ لە فیترەتەوە رەوشت و هەڵسوکەوتی جوان دەنوێنێت بەبێ هیچ زۆر لەخۆ کردنێك[4].

سەبارەت بە بیروڕای ئاینیش، زۆربەی ئاینە ئاسمانیەکان و پێغەمبەران بۆ چاککردنی ئەخلاق هاتوون و رەوشتی جوان و کرداری جوان بە رەگەزێکی بنەرەتی و رەسەن لە پەروەردەکردنی تاك و دورستکردنی خێزان و بنیاتنانی کومەڵگە و دەوڵەت دانراوە، بۆیە هەڵگرانی هەر ئاینێك یەکێك لە پاڵنەرە سەرەکیەکانیان لەرووی قەناعەت و بیر و باوەڕ و لایەنی دەروونیانەوە ئاینیەکەیانە و بە دادوەرێکی سەرەکی لەسەر حوکمدانە ئەخلاقیەکان دادەنرێت.

**ب- پاڵنەرە دەروونییەکانی تاك:**

جگە لە پاڵنەری سروشتی هێزی دەروون، کومەڵە پاڵنەرێکی دەروونی تایبەت بە تاك هەیە کەوای لێ دەکات هەڵسوکەوتی ئەخلاقی بنوێنێت، کە دەتوانین بە کورتی و بە پوختی لەو خاڵانەی خوارەوە کۆی بکەینەوە:

1- بنەما و عورفە ئەخلاقییەکان لەرووی دەروونییەوە یارمەتی تاك دەدەن کۆنترۆڵی حەز و ئارەزوو پاڵنەرە رەمەکیە نەخوازراوەکانی بکات بەهۆی هێزی عەقلەوە هەموو رەفتارە باشەکان لەژێر رۆشنایی ئەخلاقە باشەکان یەك دەنگ بکات.

2- تاک بە پەیرەوکردنی ئەخلاق چاك و ستایش کراوەکان دەتوانێت ئەو وێنەی خۆی دیەوێت لەناو کومەڵگا بۆخۆی دروستی بکات، بەمەش دەروونێکی تەندروست و بەختەوەری هەبێت، وەکو ئەرستۆ دەڵێت (هەندێ فەزیلەتی ئەخلاقی هەیە وەکو فەزیلەتی راستگۆیی و بوێری و نەبوونی دەمارگیری، کە فەزیلەتی دروست بوون و مرۆڤ خۆی بەدەستیان دێنێت، بەڵام پەیوەندی بە بەختەوەری مرۆڤەوە هەیە و بە ئەنجامدانیان ئاسوودە دەبێت)[5].

3- ئەخلاق بەشداری لە دارشتنی کەسایەتی و وێنەی تاك و دیاریکردنی ئامانج دەدات.

4- پاڵنەری بیر و باوەری ئاینی وا لە تاك دەکات کە بە ئەنجامدانی ئەخلاقی جوان و رێك بە گەشبینیەوە لە ژیان بژیت و دەرونێکی ئارامی هەبێت و چاوەرێ ی پاداشتی دوارۆژ بکات.

**ج- پاڵنەر و گرنگی ئەخلاق بۆ کۆمەڵگا لەرووی دەروونیەوە:**

---

(1) ما مفهوم الرغبة وتفسيرها في علم الفلسفة وعلم النفس؟ https://www.edarabig.com

(2) محمد يوسف موسى، فلسفة الأخلاق في الإسلام وصلاتها بالفلسفة الإغريقية، مطبعة الرسالة، الطبعة الثانية، الروضة، ١٩٤٥، ص111.

(3) عثمان محمد عثمان (د.)، تطور مفهوم العدالة الأخلاقي والسياسي بين الفكر اليوناني والفكر الإسلامي، مجلة كلية الآداب، جامعة العريش، القاهرة، المجلد (8)، العدد (3)، 6 أبريل ٢٠٢١، ص327.

(4) زكي مبارك، الأخلاق عند الغزالي، مؤسسة هنداوي للتعليم والثقافة، جمهورية المصر العربية، 2012، ص148-149.

(5) تەحسین حەمە غەریب، قوتابخانەی فەزیلەتگەرایی، چاپخانەی ناوەندی سارا، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2020، ل19.

1- ((دەستەبەری ئاسودەیی ژیانی تاك و کۆمەڵەکان دەکات، چونکە بە بڵاوبوونەوەی ئەخلاق لە کۆمەڵگەدا چاکە و ئاسایش و متمانە و خۆشەویستی بڵاودەبێتەوە))[1].
2- ئەخلاق کۆمەڵگا لە خۆپەرستی لە ڕادەبەدەر دەپارێزێت، بەمەش زیان بە تاکەکان ناگات و کۆمەڵگایەکی ئارام بەرهەم دێت، کە هاوتا دەبێت لەگەڵ دەروون دروستی تاکەکان.
3- ئەخلاق بەهۆی ئەوەی کەسایەتی گونجاو بە مرۆڤەکان دەبەخشێت، بەمەش توانای خۆ گونجاندیان لەگەڵ کومەڵگای ناوخۆیی و دەرەکی دەبێت و بەهێز و پێشکەوتوو دەبن[2].
4- بەهۆی ئەخلاقەوە تاکەکان لەناو کۆمەڵگا هەست بە سەقامگیری و گیانی لێبوردەیی و روحی هاوکاری دەبن، بەمەش زیاتر ئینتیمایان بۆ وڵات و خاك دەبێت و زیاتر دەتوانن پارێزگاری لە کلتوری گەلەکەیان بکەن.

**بەشی دووەم**

٢-١ پراکتیزەکردنی تیۆری دەروونناسی ئەخلاقی بەسەر پەندە کوردییەکاندا:

پەندەکان لە کلتور و بیر و باوەر و ئەزموونی ژیانی تاکەکانەوە سەرچاوە دەگرێت و ڕۆڵێکی گرنگ لە نواندنی سەلیقەی فیکری و دەروونی هەر میلەتێك دەگێرێت، هەر چەندە لە ڕووکار خۆیان سادە دەنوێنن، بەڵام لێوان لێون لە ئەزموون و حیکمەت و ژیری و گوزارشت کردن لە نەستی مرۆڤ و ((هێمایەکە لە خوو ڕەوشت و چێژ و سیفاتی دەروونی و ئاکاری و بیرکردنەوە و تێروانینەکان و داب و نەریتی هەر نەتەوەیەك))[3]، گرنگیشی لەوەدایە کە تەنها هی قۆناغێك ژیان نیە بەڵکو چەندین قۆناغی لە ژیانی مرۆڤەکان بڕیوە و بووەتە بەرهەمێکی هەمەچەشن و هەمەڕەنگ کە بۆ لێکدانەوەیان سوود ((لە ڕەهەندەکانی مرۆڤناسی و جوانناسی پەیوەندیگرتن، کەلتوری، فۆلکلۆری، مێژوویی، وێژەیی ئیتمۆلۆژی، سایکۆلۆژی ، ئایی و کۆمەڵناسیش ... هتد))[4] وەر دەگیرێت.

٢-٢ **دابەشکردنی جۆرەکانی ئەخلاق لە پەندەکان بەپێی تیۆری دەروونناسی ئەخلاقی:**

ئەخلاق بەپێی چوارچێوە و بنەماکانی ئەخلاق یەکێکە لە بابەتە گرنگەکانی پەیوەست بە ژیانی تاك و کۆمەڵگاکانن و لەگەڵ مرۆڤدا پەیوەندییەکی کۆن و مێژوویان هەیە و ئەخلاقی ڕابردوو کاریگەری هەیە لەسەر مرۆڤێك کە ئێستا دێتە دونیاوە، ئەو مرۆڤەی ئێستاش لەدایك دەبێت کار دەکاتە سەر ئەخلاقی ئەو مرۆڤەی لە داهاتوودا لەدایك دەبێت، لە ڕاستیشدا بیرەوەری مرۆڤ مێژووە، لەم مێژووشدا زمان ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت، چونکە مرۆڤ چی فێربوە خستویەتیە سەر زمانی و پاشان گواستویەتییەوە بۆ منداڵەکانی خۆی، ئیتر منداڵەکانیش هەر ئەوەندە چاویان کردەوە لەو شوێنە دەست پێ دەکەن کە باوکیان کۆتایی پێ هێناوە[5].

پەندەکان مەیدانێکی گرنگ و شاراوەی بەیاساکرنی ئەو ئەخلاقانەیە کە کۆمەڵگای کوردی نەوە دوای نەوە لە ڕێگای پەندەکانەوە وەکو یاسا و ئامۆژگاری و مەرجێك بۆ تاکەکانی کۆمەڵگاکەی خستویەتەیە ڕوو بە شێوەیەکی لێزانانە بەها ئەخلاقی و نا ئەخلاقیەکانی لە تەرازووی ستایش و زەم کردن و تانە لێدان و بەرز ڕاگرتن هەڵسەنگاندووە.

زانستی ئەخلاق و دەروونناسی ئەخلاقیش، کە کاریان هەڵسەنگاندنی بابەت و چەمك و بەها ئەخلاقیەکانە ((لەناو ئەدەبیانی کوردیدا پایەخی ئەوتۆیان پێنەدراوە ... کەمترین بایەخ بە بنەما دستوریەکانی ئەخلاق و پێوەرە ستاندارەکان دراوە بۆیە هەمیشە پرسیاری پێوەرەکانی ئەخلاق و سەرچاوەی ئیلزامبوونی ئەخلاقی دەکرێت، کە ئەمەش پێویستی بە ئاوڕدانەوە و لێکۆڵینەوە هەیە))[6]، ئێمەش لەم باسەدا دەقی پەندەکانمان هەڵبژاردوو بە حوکمی ئەوەی پەیوەندییەکی لە مێژینەی بە مێژووی مرۆڤایەتی هەیە و وەکو ئاوێنەکە بۆ ئەوەی پێوەر و بیرکردنەوە و بەها و بڕیار و مەرجە ئەخلاقیەکانی نەتەوەی کوردی تیا ببینرێت و کاریگەرییە دەروونیەکانی بەدیار بخرێت. دابەشکردنی جۆرەکانی ئەخلاق لە پەندەکان بە پێ ی تیۆری دەروونناسی ئەخلاقی ئەمانەن:

**٢-٢-١: ئەخلاق بەپێ ی چوارچێوە و بنەماکانی دەروونی تاك**، کە دابەشی سەر دوو بەش دەبن:

ا- *بنەما ئەرێنیەکان لە تاك*

1- دان بەخۆدا گرتن (ئارام گرتن)

---

[1] شیرین صالح محمد، ئەخلاق لەنێوان ئاین و فەلسەفە و کۆمەڵناسیدا، ڕێکخراوی هەژان، چاپخانەی سلێمانی، چاپی یەکەم، 2020، ل195.
[2] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل.
[3] کەژاڵ جیهان بەخش محمد و بیستون حسن أحمد، درکپێکردنی میتا فۆری پەندی پێشینان لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، خولی 11، ژمارە (1)، نەورۆزی 2004، ل98.
[4] هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.
[5] محمد خانی، لەبارەی ئەخلاق و مەعنەویەت، سازدانی دیمانە: هیوا تاوەگۆزی، گۆڤاری چاوی هەژان، ژ (4)، 2012، سلێمانی ل56.
[6] سەلمان نادر، دەروازەیەك بۆ وەزیفەگەرایی ئەخلاقی ئەخالاقناسی کانت بە نموونە، ڕێکخراوی هەژان، چاپخانەی سارا، سلیمانی، 2020، ل46.

2- شەرم، پاکیزەیی
3- بوێری
4- دادپەروەری[1]

لێرەدا زیاتر جەخت لەسەر ئەو چوارچێوە و خەسڵەتە دەروونییە دەکەین، کە تاک بەهۆیانەوە دەتوانێت بەردەوامی بە ئاکار و رەفتارە ئەخلاقییە ئەرێنییەکان بدات بێ گومان ئەمەش لە پاڵ بەها و بنەما و فیتری و بۆماوەیی و یاساکانی کۆمەڵگا پێویستی بە قوربانی و بوێری تاک هەیە، تاوەکو ئامانجی ئەخلاقی بێتە بەرهەم، لێرەدا ئەم بنەمایانە ڕوون دەکەینەوە و پاڵپشت بە پەندەکان لێکدانەوەیان بۆ دەکرێت:

1- دانبەخۆدا گرتن (ئارام گرتن):

لەلای دەروونناسان یەکێکە لەو کردە ئەخلاقیانەی بە واتایی ((مەیلی تاك بۆ خۆڕاگری و خاوبوونەوە وگونجاوییە یاخود خۆ کۆنترۆڵکردن و توانای بەرگەگرتنی سەختیەکانە بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجێك کە تاك ئارەزووی بەدەستهێنانی دەکات))[2]. لە پەندەکان گوزارشت لە گرنگی ئاکاری سەبر کراوە و کاریگەری بۆ بەهای تاک بەدیارخراوە، چونکە سەبر توانای زیاتر دەدات بەتاك بۆ کۆنترۆل کردنی خۆی و خۆشەویستنی ئەوانی تر و ئارام مانەوە لەکاتی مامەڵەکردن، بۆیە بەلای دەروونناسان ((سەبر بە فەزیلەتێکی پێوست دادەنرێت بۆ باشبوونی دەروونی))[3]، وەکو لە پەندێکی کوردی دەڵێت:

- سەبر تاڵە و بەری شیرینە[4]

یان دەوترێت:

- سالأنمان خاياندووە مانگانیش ئەخایەنین[5]

یان دەوترێ:

- خوا سەبری بچوکی چل ساڵە[6]

لێرە زیاتر هانی تاك ئەدرێت کە دان بەخۆگرتوو بێت و چاوەڕێ ئومێدی خوا بکات.

لە ئاکارەکانی ئارامگرتن لە پەندێکی ترەوە ئەوترێت:

- ئەوەی بە پەیژەدا سەرکەوێ، ئەبێ لە خوارەوە دەست پێ بکات[7]

یان دەوترێ:

- دەوەن ئاخیری ئەبێتە دار[8]

واتە بۆ ئەوەی بە ئامانج و ئاوات بگەی ئەبێ خۆڕاگر و ئارام گرتوو بی هەنگاو بە هەنگاو ڕێ بکەی.

یان دەوترێت:

- پیاو نەمرێ، بە هەموو ئاواتێك ئەگا[9]

لەم پەندەشدا ئاماژە بە سەرچاوی گەیشتن بە ئاوات و ئارەزورە ویستراوەکان دەکرێت کە ئارام گرتنە.

2- پاکیزەیی:

گەیشتن بە حاڵەتێکە لە دەروندا کە ڕێگری لە زاڵ بوونی ئارەزووەکان دەکات[10] و لە هەمان کاتیشدا بە بنچینەی فەزیلەتی ئەخلاق دادەنرێت، کە ڕازیبوون و زوهدی دەروون و بەخشندەیی و کۆی چاکەکان بەیەکەوە کۆ دەکاتەوە[11]. پاکیزەیی

(1) خالد بن جمعة بن عثمان الخراز، موسوعة الأخلاق، ص24.
(2) خالد مناحي هديب القحطاني و عبدالله مناحي هديب القحطاني، سمة الصبر و علاقتها بأساليب مواجهة النفسية، مجلة البحث العلمي في التربية، المجلد (22)، العدد الثاني، 2021، ص84.
(3) هەمان سەرچاوە، ص78
(4) شێخ محمدی خاڵ، پەندی پێشینان، چاپخانەی شڤان، منتدى اقرأ الثقافي: ل240.
(5) هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.
(6) هەمان سەرچاوە، ل171.
(7) هەمان سەرچاوە، ل58.
(8) هەمان سەرچاوە، ل199.
(9) هەمان سەرچاوە، ل121.
(10) راغب الأصفهاني، معجم مفردات ألفاظ القرآن، دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان، ٢٠٠٤، ص379.
(11) راغب الأصفهاني، الذريعة إلى مكارم الشريعة، الطبعة الأولى، بيروت، لبنان، ١٩٨٠، ص212.

زۆر جار لەگەڵ شەرم بەیەکەوە ناویان دێت بە سەرچاوەی چاکسازی دەروون دادەنرێت، (کە تاك لە هەموو نەنگیە ئەخلاقیە ناپەسندەکان وەکو درۆ، دووڕویی، ڕەزیلی و بێ شەرمی ...بەدوور دەگرێت)[1].

نموونەی شەرم پاکیزەیی لە پەندەکان:

- پەرژین بۆ پیاوی بەشەرمە[2]

واتە تەنها پیاوی پاك و بەشەرم پەرژین و سنور ناشکێنێ دەنا هەموو کەس ئەتوانێ ئەم کارە بکات.

یان دەوترێت:

- پەرژین بۆ حەڵاڵ زادەیە[3]

واتە یەکێ حەڵاڵ زادە بێت لە پەرژین ئەگەرێتەوە و خاوەن شەرم و شکۆیە

یان دەوترێت:

پەرژینی پیاو ئەدەبە[4]

واتە ئەگەر پەرژینی شەرم و شکۆ نەبێت هەموو کەس ئەتوانێت کاری خراپ بکات.

کەواتە لێرە نواندنی ئەخلاق شکۆیەکەی بۆ توانای دەروونی تاك گەڕایەوە.

3- بوێری:

((بە فەزیلەتێکی دەروونی ئەرێنی دادەنرێت کە بەشێکە لە هێزی مرۆڤایەتی و هاوکارە لە بەدەستهێنانی سەرفرازی دەروونی بۆ تاك، یارمەتی دەدات بۆ زاڵبوون بەسەر ترس و ئەو مەترسیانەی ڕووبەڕووی تاك دەبێتەوە))[5]. بوێری لە دەروونناسی ئەخلاقیدا بە (عیزەتی دەروون و ئازایەتی و قوربانیدان دادەنرێت بەرامبەر بە ئەخلاق و بەهاکان لە هەمان کاتیشدا بە کارکردن لەسەر ڕێکخستنی توڕەیی ناودەبرێت)[6].

نموونەی پەند:

- ئازا جارێک ئەمرێت، ترسنۆك ڕۆژی سەد جار ئەمرێ[7]

لێرە ئازا ئەو ئازایەیە کە بەرامبەر هەموو شتێك بەهێزە چ پاڵنەرە ناوەکیەکانی بن چ پاڵنەرە دەرەکیەکان هیچی چۆکی پێ دانادەن، بۆیە ئەوەندە بێ باك و دەروون دامەزراوە لەهیچ سڵ ناکاتەوە و مردن بۆ ئەو یەك جارە، بەڵام ترسنۆك کە بەرامبەر حەز و ئارەزوری خۆی لاوازە و کۆنترۆڵی خۆی بۆ ناکرێت و ناتوانێت بوێری بەرامبەر ڕووبەڕوو بوونەوەی لایەنی هەستی و نەستی هەبێت، بۆیە هەموو ڕۆژ بۆ ئەو مردنێکە و خاوەن دەروونی لاواز و ڕەفتار و ئاکارێکی کزۆڵ و بێ نرخە.

لە پەندێکی تردا دەوترێت:

- پیاو ئەو پیاوەیە بچێتە هەوێ و بێتەوە[8]

واتە پیاو ئەو کەسەیە بچێ بۆ کارێك و بیکات بە دروستی و بگەڕێتەوە. لێرەش ئاماژە بە ڕەفتاری بوێرانە دەکرێت کە کەسەکە ڕاڕایی و نیە و خاوەن دەروونێکی ئەرێنیە و تاکێکی سەربەرزە و لەڕووی ئەخلاقیەوە ستایش کراوە.

هەروەها دەوترێ:

- پیاو لە بنەماڵە نابڕێ[9]

ئەم پەندە بۆ هەموو کەسێکی بوێر و خاوەنی دەروونێکی بەرز و پتەو ئەوترێ، کە خوڕەوشتی بەرز و جوانی نەوە بۆ نەوە بگوازرێتەوە.

لە شێوازێکی نزیك لەم پەندە دەوترێت:

- دار بە بەرەکەی ئەناسرێت[10]

واتە مرۆڤ بە بەرهەمی ئەندازەی پیاوەتی دەرئەکەوێ کە چەندە بوێر و مەردانە و پیاوانەیە لە کردار و ڕەوشت و دەستپێشخەری و یارمەتیدانی.

4- دادپەروەری:

---

[1] خالد بن جمعة بن عثمان الخراز، موسوعة الأخلاق، ص25.
[2] شێخ محمد خاڵ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل115.
[3] هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.
[4] هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.
[5] سهر سالم وحاليد خياط، الشجاعة في ضوء علم النفس الإيجابي، مجلة أبعاد، مجلة (10)، عدد (1)، 2023، جزائر، ص119.
[6] خالد بن جمعة بن عثمان الخراز، موسوعة الأخلاق، ص25.
[7] شێخ محمد خاڵ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل15.
[8] سەرچاوەی پێشوو، ل119.
[9] سەرچاوەی پێشوو، ل120.
[10] سەرچاوەی پێشوو، ل121.

ئەم بنەمایە، کە بنەمای چوارەمە، بەو چوارچێوەیە دانراوە کە دادپەروەری و ڕاستی و لوژیک و چاکە و ڕاست و دروستیە، تاك ناچار دەکات لە ئەخلاقیدا میانڕەو بێت، لە نێوان زیادڕەوی و کەمتەرخەمیدا بەخشندەیی دروست بکات، دەبێتە هۆی دورستکردنی لێبوردەیی ڕێگری کردن لە ساختەکاری و زەلیلکردن و کەوتنی دەروونەکان، چونکە ئەم چەمکە دەبێتە هۆی ئەوەی ڕق و کینە و گەندڵی نەمێنی و برینی دەروونەکان سارێژ بن[1].

لە پەندەکان دا زیاتر داوای دادپەروەری دەکرێت و بەها و گرنگی لە ئاستی تاك و کۆمەڵ نیشان دەدات:

- داری گەندەڵ بەدار نابێ[2]

یان:

- داری گەندەڵ بۆ برین باشە[3]

ئەم پەندانە هانی ئەوە دەدات تا دادپەروەری دەبێ لەناو ببرێ، چونکە بێ بەرهەم و مایە پوچە.

هەروەها دەوترێت:

- بەسەرم کەرەوە با بە سەلکە پیازێکیش بێت[4]

واتە بمخوێنەروە با بە شتێکی زۆر بێ نرخیش بێت، واتە دادپەروەر بە لەگەڵ هەموان وەکو یەك.

یان دەوترێت:

- باخ هی باخەوانە و بێستان هی بێستانەوان[5]

واتە ئەو کەسەی کە رەنج بدا لە شتێکا، ئەو شتە بۆ ئەو لە هەموو کەس لەپێشترە، دادپەروەرانە دەبێت مافی کەس نەخورێت.

یان دەوترێت:

- بە هەر چاوێ تۆ من ئەبینیت، هەر بەو چاوە منیش تۆ ئەبینم[6]

ئەم پەندە نزیکە لە ناوەڕۆکی ئەوەی کە دەڵێت (چی بچینیت ئەمە ئەدوریتەوە)، بۆیە ئەگەر بەڕێز بمبینی بەڕێز ئەتبینم بە پێچەوانەشەوە هەر ڕاستە، واتە لە سیستەمی ژیانی مرۆڤەکاندا دادپەروەرییەك هەیە، چ بکەی ئەوە دێتەوە ڕێت، بۆیە چیت بۆ خۆت و هێزی دەروونت پێخۆشە، هەر ئەو ئاکارە بنوێنە تا ئەو ئامانجەی دەتەوێت بەدەستی دەهێنی.

یان دەوترێت:

- نە بەرگ بۆ کوێر، نە خواردن بۆ تێر[7]

واتە دەبێت دادپەروەرانە، هەر کەسە و لەجێی خۆی پێداویستی پێ بدرێت.

*ب-چوارچێوە و بنەما نەرێنیەکانی ئەخلاق لە تاکدا:*

1- نەزانی
2- ستەم
3- حەز و ئارەزوو
4- تورەیی[8]

ئەم بنەمایانە بە سەرچاوەی سەر هەڵدانی ئەخلاقە نەخوازراوەکان دانراوە، کە سێیەم و چوارەمیان بەشێك بوون لە هێز و و پاڵنەری دەروونی، کە بۆ پاڵنەری بەرهەم هێنانی ئەخلاق باسمان کرد. لێرە ئەمانە لەسەر ئاستی تاکدا بەرپرسن لەو ئەخلاقانەی کە بە ناپەسند دادەدەنرێت و جێگای قبول کردن نین.

---

[1] دینا شرف الدین، مكارم الأخلاق (٤) العدل، 31 أغسطس ٢٠١٨، اليوم السابع، قاهرة. youm7.com.cdn.ampproject.org.

[2] شێخ محمد خاڵ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل184.

[3] سەرچاوەی پێشوو، ل183.

[4] سەرچاوەی پێشوو، ل81.

[5] سەرچاوەی پێشوو، ل61.

[6] سەرچاوەی پێشوو، ل87.

[7] سەرچاوەی پێشوو، ل405.

[8] خالد بن جمعة بن عثمان الخراز، موسوعة الأخلاق، ص25.

1- نەزانی: بە یەکێك لەو ئافاتە مەترسیدارانە دادەنرێت، کە لەلایەن تاکەوە ڕووبەڕووی کۆمەڵگا دەبێتەوە و کاریگەری نەرێنی لە لایەنەکانی ژیانی دەکات[1]، چونکە تاك بەهۆی نەزانیەوە، (تووشی نەزانی دەبێت بەرامبەر بەوەی کە هەیەتی و یان لە واقیع بوونی هەیە، بە واتایەکی تر باوەڕبوون بە شتێکە پێچەوانەی ئەوەی کە هەیە[2].

ئەو پەندانەی ئاماژە بە بنەما دەروونی ئەخلاقی نەزانی دەکەن ئەمانەن:

- زانا لەلای لاساران، دەبنە کەری بێکاران[3]

واتە ئەو کەسەی نەزان بێت، نازانێت قەدری زانا و زانیاری چیە، چونکە ئەوەی ئەو بیری لێ ئەکاتەوە جیاوازە لەگەڵ ئەوەی لە ڕاستیدایە و بە نرخ و بەهای ڕاستەقینەی شتەکان نازانێت و گرفت بۆ خۆی و دەورووبەرەکەی دورست دەکات.

یان دەوترێت:

- پاچکە بدیت بە ناکەس، هەوەس رانی ئەکا[4]

واتە کەسی نەزان ناکەس بەچیە، هەرکات ڕێزت گرت یان نانت پێ دا لە جیاتی سوپاس وڕیز، کاردانەوە و قسەی نارێکی دەبێت، کە ئەمەش ئاکار و ڕەفتارێکی بێزراوە لەلای مەردوم پەسند نیە و کاریگەری دەروونی و نەرێنی بۆ مرۆڤ دروست دەکات.

یان هەر نزیك لەو پەندە ئەوترێت:

- نانی بێ خۆی ئەخوا و تری سوێر ئەکەنێ

- نانەکش ئەخوا، سفرەکەش ئەورێ[5]

هەر لەبارەی گرفتەکانی نەزانی لە پەندەکان دەوترێت:

- نەشارەزا کوێرە، یان نەشارەزا وەك کوێر وایە[6]

زۆر جاریش وەکو شێوەی تەنز و گاڵتە ئامێز بە نەزان، کە بە خەیاڵ جۆرێک بیر دەکاتەوە جیاوازە لەگەڵ ئەوەی لە واقیع هەیە، وەکو دەوترێت:

- نە قازەنی، نە بازەنی، ئینە بلبلی خۆش ئاوازەیی[7]

ئەم پەندە بە کەسێك ئەوترێت کە قسەی هەڵە بکات و نەزان بێت بەرامبەر باس و خواس و ڕاستیەکان، گوایە سێ کەس لە قەراغ چەمێك چاویان بە کیسەڵێك ئەکەوێت یەکیان ئەڵێ قازە ئەوی تر ئەڵێت بازە، سێیەمیان خۆی لەوان بە ژیرتر دائەنێ ئەڵێ نا بابە بولبولی خۆش ئاوازە!!!

2- ستەم: ئەم چەمکە ئەخلاقیە زۆر نادادپەروەریشی پێ دەوترێت، بەمانای سەرپێچی کردن و ستەم و نادادپەروەری دێت بەرامبەر بە ماف و ئەرك و مولکی کەسانی تر[8]، ئەمەش بارێکی دەروونی ناهەموار بۆ تاك دروست دەکات و تورەیی و نارازیبوون و ڕق وقینەی لە دڵدا دەروێنێت و تووشی توند و تیژی و کاردانەوەی دەکات، چونکە هەست بە چەوسانەوە و ستەم دەکات بەرامبەر ئەوەی شتێك لە شوێنی دورستی خۆی دانەنراوە و بە ناهەق براوەتە جێگەیەکی تر.

نموونەی پەند لەسەر ستەم:

- رەحم کردن بە زۆردار، زوڵمە لە هەژار[9]

لە نموونەی ئاکاری ستەم کە ماڵ و حاڵی کەس زەوت نەکات ئەوترێت:

- رەشەبا وتی بەکایەن، قاپی بکەرەوە کات بۆ تێ بکەم

کایەن وتی ئەوی تیاماوە مەیبە، هیچشم بۆ تێ مەکە[10]

ئاماژەیە بۆ کەسی ستەمکار و فێڵباز کە بە ئاشکرا و چاو بەست زوڵم دەکات.

---

[1] سميرة عبدالرحمن آل زاهب، الجهل مفهومه ودلائله والآثار المترتبة عليه، المجلد التاسع من العدد السادس والثلاثين، مجلة كلية الدراسات الاسلامية والعربية للبنات بالإسكندرية، ص117.

[2] الجرجاني على بن محمد بن علي الزين الشريف، التعريفات للجرجاني، تحقيق جماعة من العلماء، دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان، الطبعة الأولى، ١٩٨٣، ص80.

[3] شێخ محمد خاڵ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل232.

[4] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل114.

[5] سەرچاوەی پێشوو، ل401.

[6] سەرچاوەی پێشوو، ل408.

[7] سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.

[8] الجرجاني على بن محمد بن علي الزين الشريف، المصدر السابق، ص186.

[9] شێخ محمد خاڵ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل220.

[10] هەمان سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.

- زەمانی سەگ و گورگ، شیوەنی شوانە[1]
واتە کە سەگ و گورگ زۆر بوو، ئاژەڵ زۆر ئەخورێ، ئەو حەلە شوان ئەبێ هەر شیوەن بکات، ئەم پەندە نموونەیە بۆ کەسێکی بێ دەسەڵات کە هەر ساتە نا ساتێ، زۆردار شتێکی لێ داگیر بکات. لێرە زۆر بە ڕوونی بارودۆخی ستەم لێکراو نیشان دراوە، کە بارێکی ناهەموار و بە ئازاری هەیە لە دەستی زۆردار، لە هەمووشی ناخۆشتر دەسەڵاتی ڕووبەڕوو بوونەوەی نیە.
- ناوی سەگ برا چێوە بگرە بەدەستەوە[2]
بە پیاوێکی خراپی لەخوا نەترسی ستەمکار ئەوترێ کە ناو ببرێ، لێرە ئاکاری ستەمکار کردن ئەوەندە بێزارە و کەسی هەڵگر بە سەگ چوێندراوە، بەناو هێنانیشی دەروونی کەسەکە هەست بە ئاسودەیی ناکات و دەیەوێت پارێزگاری لەخۆی بکات، کەواتە ئەم ئاکارە بووەتە هۆی ترس و دڵە ڕاوکێ و ئازار لە دەروونی بەرامبەر.
- نە بە پێکەنینی زاڵم باوەڕ بکە و نە بە خۆشی زستان[3]
لایەنی دەروونناسی بۆ ئەخلاقی ستەم کردن لەم پەندەدا ئەوە دەردەخات، کە کەسی ستەمکار بەهیچ جۆرێك جێگای باوەڕ و پشت پێ بەستن نیە، بۆیە تاك لە بەرامبەر نواندنی ئەم ئاکارە تووشی گرفت و گرێی دەروونی دەبێتەوە هەست بە ئارامی ناکات و خەموکی و دڵتەنگی ڕووی تێ دەکات.
- ئاسکی ماندوو ئەگرێت[4]
واتە کەسی ستەمکار بارودۆخی کەسێکی دەروون تێکشکاو و لێ قەوماو دەقۆزێتەوە و ڕاوی دەکات، بێگومان ئەمەش بە یەکێك لە ئاکارە نا مرۆڤایەتی و نەخوازراوەکان دادەنرێت. بۆیە زۆر جار لە شێوەی تووك ودوعا لەبەر خراپی ئەم ئاکارە دەوترێت:
- زاڵم زەواڵت بۆ بێ[5]
چونکە زوڵم بە مایەی دواکەتوویی گەل و وێرانی وڵات و ڕوخانی تاك دادەنرێت.

3- حەز و ئارەزوو: ئەمەیان وەکو باسمان کرد بەشێکە لە هێزی دەروون، کە حەزو ئارەزووی چڕ بۆ تێرکردنی هەستێکە، لە ڕێزبەندی بنەما ئەخلاقیە نەرێنیەکان بە هۆکارێك بۆ زەلیلبوون و ڕیسوایی و تەماع و خۆ بەکەم زانین دادەنرێت[6].
بە واتایەکی تر ئەم بنەمایە کە خودی خۆی لە ڕیزبەندی ئەخلاقە دەروونیە ناپەسندەکان دانراوە، لە هەمان کاتیشدا پاڵنەرە بۆ بەرهەم هێنانی کۆمەڵە ئاکار و خوویەکی تر کە وەکو نەخۆشی و لێکەوتەی دەروونی لەلای تاك دەردەکەوێت.
نموونەی لێکەوتەکانی حەز و ئارەزوو لە پەندەکان:
- ئاسمان لێقە بێت دایناپۆشێت[7]
ئەمە بە یەکێك دەوترێت، کە ناوبانگی زڕابێت و نەنگ و بەدناوی دەرکەوتبێ، واتە بەهۆی حەز و ئارەزوو ڕیسوا و زەلیل بووە. یان دەوترێت:
ئاردی بن دڕك، گرد نابێتەوە[8]
واتە هەر کەسێ حەیا و حورمەت و کەرامەتی کەوتە دەستی خەڵکی، تازە تەمای بەدەست هێنانەوەی نەبێت، ئەخلاق کە زڕا بە خراپە کۆکردنەوەی ئەستەمە، بۆیە تا بکرێت دەبێ جڵەوی حەزو ئارەزوو لەژێر کۆنترۆڵی هێزی دەروونی عەقل بێت، تا تووشی ئەم نەنگیە
نەبێت و کار لەناو کەسایەتی بکات.
ئەم پەندەی سەرەوە بەو شێوەش دەوترێت:
- ئاوی ڕژا گرد نابێتەوە[9]
لە بەندێکی تر ئاماژە بەو کەسانە ئەکرێت کە جڵەوی نەفسیان لەدەستی حەزو ئارەزوویانە، خۆیان ئەم کارە و ئەم بەدناوییەیان پێ خۆشە، دەروونێکی شێواو و شەڕانگێزیان هەیە، وەکو دەوترێت:
- بزن ئەڵێ بیژمە و نەترِم، بەشاخ قنگی خۆم ئەدڕم[10]
لێکەوتەیەکی ئەخلاقی حەزو ئارەزوو، تەماع کردنە وەکو لە پەندی پێشینان ئەوترێت:

(1) سەرچاوەی پێشوو، ل228.
(2) سەرچاوەی پێشوو، ل404.
(3) سەرچاوەی پێشوو، ل405.
(4) سەرچاوەی پێشوو، ل15.
(5) سەرچاوەی پێشوو، ل227.
(6) خالد بن جمعة بن عثمان الخراز، موسوعة الأخلاق، ص26.
(7) شێخ محمد خاڵ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل15
(8) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل14.
(9) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل23.
(10) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل97.

- تەماع سەری نەبریت سەرت ئەبڕی[1]
چونکە هەرچی ڕوو زەردی هەیە لە تەماعەوە تووشی مەردودم ئەبێت، زۆر جاریش ئەگەر کەسێك لە تەمەنێکی پیری خۆی بداتە دەست حەز و ئارەزوو لە ڕەوشتێکی ناشرین دادەنرێت، وەك دەوترێت: - ئاخیری عومر و هەوەڵی تڕۆیی[2]

4- توڕەبوون: لە ئەخلاقیە نەرێنیەکان توڕەبوونی جۆری دووەم باس دەکرێت، کە دەبێتە هۆی لێکەوتەی دەروونی و ئەخلاقی نەخوازراو، چونکە وەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا، توڕەبوون زۆر جار بۆ پارێزگاری دەروونی مرۆڤ ئەم هەڵچوونە ڕوودەدات و لایەنی ئەرێنی و نەرێنی هەیە.
توڕەبوون، هەڵچوونێکی دەروونی مرۆڤە لە ڕەفتار و هەڵسوکەوت و ئەخلاقی مرۆڤ دەردەکەوێت و کاریگەری دەروونی و جەستەیی لەسەر تاك جێ دەهێڵێت[3] و دەبێتە هۆی لووتبەرزی و ڕق و قینە و ئێرەیی و شەڕانگێزی و خۆ بەزلزانی.
نموونەی توڕەیی لە پەندەکان:
- ئاسمان لەبەر چاوم تاریك بوو[4]
واتە لەبەر ئەوەی زۆر توڕەبوون و شتێکم بەدڵ نەبوو، بۆیە هیچ بەها و پێوەرو ڕووناکیەك نەهاتە بەر چاوم، هەموو شتم لەبەر چاو تاریك بویە تووشتی هەڵچوون و توڕەبوون بووم و کاردانەوەی نەرینیم نواند.
زۆر جار بەهۆی توڕەیی ڕق و قینەی زۆر دروست دەبێت، وەکو دەوترێت:
- خوێناوی بخواتەوە ئوخەی ناکات[5]
یان دەوترێت:
- خوێنی بۆ گەڕی باشە[6]
یان دەوترێت/
- تۆڵە بە تۆڵە قازانجی زۆرە[7]
لێرەدا بەهۆی توڕەبوونەوە ڕق و قینە لەدڵ و دەروونی تاك دروست دەبێت کە نەک هەر بە نواندن و دەربڕینی توڕەیی و ڕق و قینەکەی دڵی ئاو ناخواتەوە حەز ئەکات، خوێنی ئەو کەسەش بڕێژێ و بیسڕێتەوە.

**٢-٢-٢: دابەش بوونی ئەخلاق لەسەر بنەمای جۆری پەیوەندی و چوارچێوەی کومەڵایەتی:**
آ- پەیوەندی نێوان مرۆڤ و بەدیهێنەرەکەی:
ئاینە ئاسمانیەکان تەنیا دینی ئاینداری نین، بەڵکو بەرنامەیەکن بۆ ژیان، پێگیەکن بۆ بیرکردنەوە و شێوازی مامەڵە و پەیوەندی لەسەر بنەمای باوەڕێکی جێگر، ئامانجی یەکەمیشیان ئامادەکردنی هاوڵاتیەکی باشە لە ڕێگری چاندنی ڕەوشتی باش لە دەروونیدا، بۆیە ئەخلاق لە سیستەمی ئاینیدا بە ڕەگەزێکی بنەڕەتی و ڕەسەن لە پەروەردەکردنی تاك و دورستکردنی خێزان و بنیاتی کۆمەڵگە و دەوڵەت دادەنرێت، چونکە ئەخلاقی بەرز تاکە زامنی بەهێزە بۆ پاراستنی هەر کۆمەڵگەیەك لە لادان و ستەم و گەندەڵی[8].
لە پەندە کوردییەکاندا بەشێکی زۆری نواندە ئەخلاقیەکان بەندە بە باوەڕی ئاینی مرۆڤ، نەتەوەی کورد وەکو گەلێکی موسڵمان لە پەندەکان دەردەکەوێت کە ئومێدێکی زۆری بە بەدیهێنەرەکەی هەیە و چاوەڕێی پاداشت و چاکە لێی و لە بەر خۆشەویستی باوەڕی بە خواو ئاینەکەی ئەخلاقی جوانی قبوڵی کردووە و لە کردارەکانی ڕەنگی داوەتەوە، وەك دەوترێت:
- خوا حەقی بزنی کوڵ لە بزنی شاخدار ئەسێنێ[9]
لێرەدا کەسی زوڵم لێکراو لە بارێکی ئارام گرتن دایە بەرامبەر بە ستەمکار و توانیویەتی توڕەیی خۆی بخواتەوە، چونکە ئومێدی بە دادپەروەری بەدیهێنەرەکەی هەیە کە تۆڵەی بۆ دەکاتەوە، لێرە ئەم پەیوەندیە بۆ هۆی ئەوەی ئەخلاقی ئارام گرتن و خۆڕاگری بەسەر ڕق و تۆڵە و توڕەیی زاڵ بێت.
- خوا ڕاستە و ڕاستی لێ خۆش دێت[10]

---

(1) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل135.
(2) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل13.
(3) اشواق سامی جرجیس، الغضب وعلاقته ببعض سمات الشخصية، العدد السادس وثلاثون، الجزء الثاني، أبريل ٢٠١٣، ص181.
(4) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل15.
(5) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل175.
(6) هەمان سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.
(7) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل141.
(8) عومەر عەلی غەفور، ئەخلاق لە سیاسەتدا، دیدێکی ڕەخنەیی، چاپخانەی ژین، چاپی یەکەم، ٢٠٠٢، ل51.
(9) شێخ محمد خاڵ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل170.
(10) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل171.

لێرە ئاین و باوەڕبوون بە خودا بووەتە هۆی ئەوەی مەردوم هەوڵی ڕاستگۆیی و دەستپاکی بدات لەبەر دادپەروەری و ڕاستی بەدیهێنەرەکەی.

- خوا یار بێ با شیریت دار بی[1]

واتە ئەگەر خوا یارمەتی دەرتبوو با دوژمنت هەزار بێت شمشێرەکەی دەستت دار بێ مەترسە.

لێرەدا تاك بەهۆی پەیوەندی بە بەدیهێنەرەکەی وای لە تاك كردووە بوێری هەبێ و بتوانێ بەسەر حاڵەتی دەروونی ترسنۆكی دا زاڵ بێت و بتوانێ خۆی بە ئەخلاقی بوێری برازێنێتەوە.

- سوڵکەر تورەگەی پر و ڕووی ڕەشە[2]

واتە ئەوانەی بە فروفێڵ و تەڵەکە و درۆ و تورەگەی خۆیان پڕ دەکەن لە هەردوو جیهاندا روویان ڕەشە و جێگایان ئاگری دۆزەخە لە ڕۆژی دوایدا. لێرە لە پەیوەست بوون بە حەقی خەڵکی و ڕەتکردنەوەی فێڵ و درۆ و تەڵەکە کە بەشێکن لە ئەخلاقە نا پەسندەکان، لەبەر پاڵنەری ئاینی و پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ترسان لە سزای بەدیهێنەرەکەیەتی.

- من کە ڕازی بووم بە نانی جەو، سەری خاقان بە قنگی کەیخوسرەو

واتە من کە قانیع بووم بە بەشی خوا، نەکلکە لەقێ ئەکەم بۆ کەس نەماکەرمەڵە[3]

لێرەدا پەیوەندی نێوان مرۆڤ و بەدیهێنەرەکەی بووەتە هۆی قەناعەت و ڕازی بوون و ئارامی و سەربەرزی.

ب-پەیوەندی نێوان مرۆڤ و دەوروبەرو کۆمەڵگا:

تاکە کەس لە چوارچێوەی کومەڵگا دەژی و ناتوانێت بە تەنیا و سەربەخۆ بژیت و هەر چەند هەوڵ بدات بەتەنیا لەنێو کۆمەڵگادا ڕەفتار لەگەڵ گۆڕانکاریەکان بکات، بەڵام هەر دەبێت هەڵوێستێك و هەماهەنگی سەبارەت بە گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگا و کۆمەڵایەتی وەربگرێت.

بۆیە لەم ڕوانگەیەوە پەندەکان بە پرۆسەیەکی هەرەوەزی دادەنرێت کە هەستی تاکەکانی کۆمەڵ یەك دەخات و دەربڕێتێکی ڕەسەنە لە بۆچوونەکانی مرۆڤ و بە مەبەست وتراوە و گواستراوەتەوە.

نواندنی ئەخلاق لە چوارچێوەی دەروونی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا لە پەندەکان دابەشی سەر دوو بەش دەبێت:

ئەخلاقە چاکەکان ئەخلاقە خراپەکان

***ئەخلاقە چاکەکان:*** بەپێی پێوری کومەڵایەتی هەر گەلێك بەردەوام کۆمەڵە ڕەفتارێکی ئاکاری هەن، کە هەر کومەڵێك بەگوێرەی عورف و عاداتی نەتەوەکەی لەسەری ڕێککەوتوون و بە پەسندی دەزانن، بە شێوەیەکی گشتی ئەخلاقە پەسندەکان لە دەروونناسی ئەخلاقیدا بەسەر چەند هەڵسوکەوتێك دابەش کراون لەوانە (ڕاستگۆیی، ڕێزگرتن، گرنگی دان بە کەسانی تر، شەفافییەت، بەرپرسیارێتی، ئەمانەت پارێزی، دادپەروەری ...)[4].

نموونەی ئەخلاقە پەسندەکانیش لە پەندەکان ئەمانەن:

1. **ڕاستگۆیی:** بە یەکێك لە ناودارترین و بەرزترین ئەخلاقە باشەکان لەلای مرۆڤ دادەنرێت، بە سەرچاوەی هەموو دادپەروەری و ڕێز و خۆشەویستی و خۆشگوزەرانی دادەنرێت و بنەمایەکی سەرەکیە بۆ پەیوەندییەکی تەندروست و بەردەوام.

نموونەی پەند:

- ڕاست بە ڕاستی ، خوار بە شکستی[5]

واتە پاداشتی کردەوەی مەردوم دێتەوە ڕێی، چاکە بە چاکە، خراپە بە خراپە

- ڕاستی وەك گۆچان وایە[6]

واتە ڕاستگۆیی وەکو ڕێپیشاندەر و چاو ساغی مرۆڤە دەتوانێت پشتی پێ ببەستێ.

- ڕاست بەو بەلای شێرا بڕۆ[7]

واتە ڕاستگۆیی دەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤ بوێر بێت و متمانەی بەخۆی هەبێت و لە هیچ نەترسێت و قەبارەی مەترسیەکان بە بچووك بزانێت، چونکە هەر ئەو سەرکەوتوو و براوەیە.

---

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل173.

[2] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل257.

[3] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل391.

[4] آسیا صالحة، السلوك الأخلاقي في علم النفس.

[5] شێخ محمد خاڵ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل219.

[6] هەمان سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.

[7] هەمان سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.

- راستی ڕەفتی، چەفتی کەفتی[1]
واتە کە ڕاست بوویت ئەڕۆیت و تێ ئەپەڕیت، بەڵام کە خوار بوویت ئەکەویت.
یان دەوترێت:
- پیاوی سەر ڕاست شەریکی دەوڵەمەندە[2]
واتە بەهۆی ڕاستیەوە خاوەن پلە و پایە و ناودارییە

2. **گوێڕایەڵی و گرنگیدان بە کەسانی تر:**
لە دەروونناسی ئەخلاقیدا ئەم ئاکارە وەکو ڕێگایەك بۆ خۆشەویستی و پاڵپشتی دەروونی و بەدەستهێنانی متمانەی بەرامبەر دادەنرێت[3]. کەسی گوێڕایەڵ و هاوکار، لەسەر دڵ و دەروونی خەڵکی خۆشەویستە و پایە و نرخی خۆی هەیە.
نموونەی پەندەکان:
- بارە گوێزی لێ نێ، خرەی نایەت[4]
واتە زۆر گوێڕایەڵ و فەرمانبەر و بێ کێشە و هاوکارە بۆیە ستایش دەکرێت.
- ئەوەندە شیرینە بە قوزەڵ قورتەوە ئەخورێ[5]
واتە ئێجگار ڕەوشت و خووی جوانە لەگەڵ کەس گرفت دورست ناکات.
- نوێژکەریت نورینیت، فرمانکەریت شیرینیت[6]
واتە ئەگەر ئەتەوێت شیرین بیت گوێڕایەڵ بەو ئیشکەر بە.

**ت- ڕێزگرتن:**
بە یەکێك لە بەها ئەخلاقیە باشەکان دادەنرێت، کە کەسێکی پێ لە کەسێکی تر جیا دەکریتەوە. ((ڕێزگرتن لە پەیوەندییەکاندا هەستی متمانە و سەلامەتی و خۆشگوزەرانی دورست دەکات، هەروەها ژینگەیەکی وا دروست دەکات، کە پەیوەندییەکان دەتوانن ڕۆژ بە ڕۆژ پەرەبسێنن و خۆشەویستی زیاتر بێت لەنێوان تاکەکان))[7].
نموونەی بەهای ڕێزگرتن لە پەندەکاندا
- میوان ئاوازۆ، خاوەن ماڵ هەڵوازۆ[8]
واتە کە میوان دەنگی هات، خاوەن ماڵ خێرا ئەچێت بە پیرییەوە، لێرە ئاستی ڕێزگرتن و بەهاکەی نیشان دەدرێت.
- نانت جۆ بێت و خوڵقت گەنمین بێ[9]
واتە ئەگەر سینی و خوانیشت نەبوو بۆ میوان، ڕووت خۆش بێت و زبانت شرین بێ و تا دەتوانی ڕێزی بگری ئەمە لە سەد جۆرە خواردن بۆ میوان ڕێزدارترە.
هەر بۆیە لەبارەی ڕێزگرتنەوە لە پەندەکان وتراوە
- نە بمشۆ بە گوواوێ، نە بمخەرە سەر چاوێ[10]
بە یەکێك ئەوترێت کە هەندێ جار ڕێزت بگرێ و هەندێ جاریش قسەی سوکت پێ بڵێ. لێرە لەڕووی ئەخلاقیەوە هانی مرۆڤ دەدرێت لە پەیوەندیدا دەبێت هەموو کات بەڕێزەوە مامەڵە بکات.

***ئەخلاقە خراپەکان:***
ئەم جۆرە ئەخلاقانە بریتین لەو بەها نا ڕەوشتیانەی، کە کاریگەری خراپ لەسەر تاك و کومەڵگا دورست دەکات و بەهۆی ئەوەی خۆپەرستی و ڕق و کینە و هەستی زیان گەیاندن بە تاکەکانی تر کومەڵگە لە دڵ و دەروونی مرۆڤ چەکەرە پێ دەکات، بە گرفت و گرێ دەروونی و دادەنرێت و پێچەوانەی ئەو ڕەفتار و باوەڕ و بەها چاکانەیە، کە لە کومەڵگای دیاریکراو لەسەری ڕێککەوتوون، گرنگترین ئەخلاقە نا پەسندەکان ئەمانەن:

---

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.
[2] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل121.
[3] آسیا صالحة، السلوك الأخلاقي في علم النفس.
[4] شێخ محمد خاڵ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل69.
[5] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل55.
[6] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل413.
[7] هێرۆ عبدالرحمن مصطفى، شێوازی شیعری منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی زمان، 2023، ل112.
[8] شێخ محمد خاڵ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل395.
[9] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل400.
[10] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل406.


SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

1- **درۆ**: بە یەکێك لە ناشرنترین ڕەفتارە نا ئەخلاقیەکان دادەنرێت کە بە گوفتار و کردار دەنوێنرین، لەناو پەندە کوردەوارییەکاندا ژمارەیەکی زۆر لە پەندەکان تەرخان کراوە بۆ نیشاندانی ناڕەوایی و نا پەسندی ئەم ئاکارە، وەکو دەوترێت:
- درۆ بە دڵا ناچێت
- درۆ شیرینە بەرەکەی تاڵە
- درۆ هێشتا لە دەم دەرنەچووە لۆقە دەکات
- درۆ مەنزلی کۆتایە[1]
- پەتی درۆ کورتە[2]

ئەخلاقی نەخوازراوی درۆ کاریگەری زۆی لەسەر پەیوەندی نێوان تاك و کومەڵگا هەیە دەبێتە هۆی ئەوەی لەڕووی دەروونیەوە متمانە و باوەڕ بە کەسی درۆزن نەکرێت و نەتوانرێت هیچ جۆرە قسە و گفتێکی لێ وەربگیرێ، ناو و ناوبانگی کەسەکەش لەکەدار و ناشرین دەبێت، بێگومان کەسی درۆزن لە ئەنجامدا تووشی دڵە ڕاوکێ و هەستی خۆبەکەم زانین و خەمۆکی دەبێت، وەکو دەوترێت:
- درۆزن کەم هۆشە
- درۆزن ئاگر لەماڵیشی بەربێ، کەس باوەڕی پێناکات
- درۆزن شتی بیر نامینێ
- درۆزن هەر جارێك ناشتا ئەکات[3]

واتە هەر جارێك باوەڕی پێە ئەکرێت، چونکە بە درۆ کردن بایەخ و نرخی و کەسایەتی دەبێتە جێگای پرسیار و خەڵکی خۆی لێ بەدوور دەگرن.

2- **لووت بەرزی**: ئەم ئەخلاقە کە دەبێتە بەشێك لە سیفەتی هەندێك لە مرۆڤەکان لەڕووی دەروونیەوە بەهۆی ((هەستکردن بە لاوازی و خۆ بە کەم زانین ڕوودەدات، کە کەسی تووشبوو بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو هەستەی بەرەو باڵا دەستی و خۆ بەزل زانین و لووت بەرزی دەڕوا))[4]، بە واتا ئەم ئەخلاقە نا پەسەندە بە یەکێك لەو لێکەوتەوە دەروونیانە دادەنرێت بەهۆی گرفتی دەروونی ڕوو دەدات و پەیوەندی بە پلە و پایەی مرۆڤ و پەروەردەی ئەخلاقی نیە، لە ئەنجامدا ئەو کەسەی ئەم ڕەفتارە دەنوێنێت ، لە پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگا بە گەمژە و نەزان کاڵ فام و بێ نرخ سەیر دەکرێت.

نموونەی پەند لەسەر ئەم ئاکارە دەوترێت:
- ئاخوری بەرزە[5]

واتە کەسێکی خۆ بەگەورەزانە.
یان دەوترێت:
- ئەگەر خۆت لە هەموو کەس بە زیاتر بزانی، دیارە ناکەس بەچەو نادانی[6]

لێرە کەسی لووت بەرز بە نەزان و بێ ئەسڵ و نەسڵ ناوبراوە، وەکو کەسێکی بێ بایەخ سەیر کراوە.
لە نەنگیەکی تری لووت بەرزی ئەوە نیشان دراوە، کە ئەم جۆرە کەسانە نەك سوودیان بۆ دەوروبەرەکەیان نیە، بەڵکو لەبەر لووت بەرزیان زیان لە خۆشیان دوور ناخەنەوە، وەکو دەوترێت:
- ئاغا ژنی سەر چەپەڕێ، پشیلە کەهات دووگە بەرێ، بێزی نەهات ختە کەرێ[7].
یان دەوترێت:
- بەرزە بەرزە ئەنیشێ[8]

واتە کەسێکی لووت بەرز کە زیاد لە ئەندازەی خۆی پێدا ئەگرێ، لە ئاست و پلەی خۆی کەم ئەکاتەوە و لەبەر چاوی خەڵکی ئەنیشێ و بچووك دەبێتەوە.
- نانی جۆ ئەخوا و تڕی پاقلاوە لێ ئەدا[9]

واتە کەسێکی نەبوونە بەڵام لووت بەرز و خۆ بە گەورە زانە.

---

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل201.
[2] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل114.
[3] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل200.
[4] عقدة النقص، ویکیبیدیا، https://arzim.wikipedia.org/wiki/
[5] شێخ محمد خاڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل13.
[6] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل29.
[7] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل19.
[8] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل91.
[9] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل401.

- خۆ پەسەندی مایەی ڕیسواییە[1]

3- **دوو ڕوویی**: بریتیە لە جۆرێکی پەیوەندی کردن و دیاردەیەکی دەروونی کومەڵایەتی یە، کە نیازێکی خراپ و شەڕانگێزی لەدواوەیە و تۆی ڕق و قینە و دووبەرەکی و حەسوودی لەناو کومەڵگا بڵاو دەکاتەوە، کەسی دووڕوور کەمێک نا دادپەروەرە و ماف و بەرژەوەندی کەسانی تر پێشێل دەکات و لە زۆربەی جاریشدا لەگەڵ دووڕووییەکەی، کەسێکی درۆزنە و بێ ڕێزی بەرامبەر خۆی و کەسانی تر دەکات[2].

نموونەی پەند:

- بەرد بشکێنە، دووڕوو مەدوێنە[3]

یان دەوترێت:

- دووڕوویی و دوو زبان سەریان بە خوێنەوەیە[4]

واتە ڕۆژێك دادێت لەسەر ئەو خراپەکاریەیان سەریان تێ ئەچێت.

4- **ڕەزیلی**: ئەخلاقێکی ناپەسندە، کە تاك بەر لە هەموو کەس بێ ڕێزی بەرامبەر بە دەروون و کەرامەتی خۆی دەکات. پاڵنەرێکی دەروونیە دەبێتە هۆی خۆپەرستی و خۆشەویستی خود و حەزو و ئارەزووی کۆکردنەوە و ئازار چەشتنی دەروون و بێبەشبوون. لە هەمان کاتیشدا خراپ بەکارهێنانی ویژدانە بەرامبەر بەو کەسانەی ژیان و هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کەسی ڕەزیلدایە، لەلای خەڵکی زۆرجار بە نەخوش و کەسێکی بێزراو و ئاکار نا تەندروست هەژماردەکرێن.

نموونەی پەند:

- بەرچاو تەنگی ڕیسوایی ئەهێنێ[5]

واتە ڕەزیلی، ناپیاوی بەڕووی مرۆڤ ئەهێنێت

- ئاو لە دەستی ناتکێ[6]

واتە زۆر ڕەزیل و چرۆکە

- باخەوان لەکاتی ئەنگورا گوێچکەی ناژنەوێ[7]

مەبەست کەسی چرۆکە کە شتی هەیە نایەوێ یارمەتی کەس بدات، بۆیە ئەوترێ باخەوان لەکاتی ترێ دا گوێ ی گرانە.

- پیاوی چرووك پاسەوانی پارەکەیەتی[8]

واتە کەسی ڕەزیل بەردوام لە مەینەت و ناخۆشی دایە، چونکە دڵی بە ماڵ و سامانەکەیەتی.

نموونەی ئەخلاقیەکان بە هەردوو شێوەکەی چاك و خراپ سیفەت و ڕەگ و ڕیشەیەکن لە دەروونی مرۆڤەوە سەرچاوەیان گرتووە و کاریگەری ئەرێنی و نەرێنیان لەسەر کردار و رەفتار و گوفتاری مرۆڤەکان هەیە، بەتایبەت لەوکاتەی (منی باڵا)ی مرۆڤ ڕووبەڕووی (ئەو) دەبێتەوە و لە بەرامبەر غەریزە و پاڵنەر و حەز و ئارەزوو هەڵچوونەکان دەوەستێت تا گونجان و وێنەیەکی سەرکەوتوو لەگەڵ بنەما و پێوەرە ئەخلاقی و واقیعە کۆمەڵایەتیەی کە تێدا دەژیت دەستەبەر بکات. ئەمە جگە لەوەی بەها ئەخلاقیەکان بەردەوام لەگەڵ هەست و لایەنە نەستیەکانی مرۆڤ لە پەیوەندی دان و بە زوڵم و ئازاردانی کەسێك هەست و سۆزی بەزەیی و توڕەیی لە مرۆڤەکان دەجوڵێ و هاوسۆزی بۆ بەرامبەر دەنوێنن و گیانی هاوکاریان لەناخدا دەڕوێنێت، بە دەیان نموونەی تر کە ئێمە لەم باسەی پێشوودا هەوڵماندا لە هەر جۆرێك ئەو نموونە ئەخلاقیانە بهێنینەوە کە پەیوەندی دەروون و ئەخلاق بەدیار دەخەن لەناو تیۆری دەروونناسی ئەخلاقیدا بە گرنگ سەیر کراوە، چونکە ئەگەر نموونە ئەخلاقیەکان و نموونە هەڵچوونە دەروونییەکانمان بەجیا باسکردبا ئەوا لە چوارچێوەی ڕێباری باسەکەمان دەرئەچووین و دەکەوتینە ناو ئەخلاقناسی و دەروونشیکاری، لەوانە لەبەر سنوری باسێکی زانستی دیاریکراو بە تەواویش نەمان توانییێت هەموو نموونەکانیش باس بکەین و هەموو جۆرەکانی پەیوەندیش ڕیز بەند بکەین.

---

(1) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل176.

(2) أنطوان الشرتوني، النميمة وراءها الضعينة، 2016. aljoumhouria.com

(3) شێخ محمد خاڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل90.

(4) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل213.

(5) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل91.

(6) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل22.

(7) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل68.

(8) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل121.

**ئەنجام**

١- ڕێبازی دەروونناسی ئەخلاقی بە ڕێبازێکی گونجاو دادەنرێ، کە دەقە جۆراوجۆرەکانی ئەدەبی پێ لێکبدرێتەوە.
٢- پەندەکان دەروازەیەکن بۆ ئەوەی لێهاتوویی و بیرکردنەوەی ئەخلاقی و بڕیاردان لە کەسایەتی مرۆڤ بەهێز بکەن.
٣- بە هۆی پەندەکانەوە گرنگترین پاڵنەرە ئەخلاقیەکانی تاکی کوردمان بۆ بەدەرکەوت، کە بریتین لە داب و نەریت و عەقڵ و دانایی و هێزی بیرکردنەوە و دەروون و حوکمی ویژدان و هەڵچوون و هەستەکان و ئایین و فیترەت.
٤- ڕێژەی زەمکردن و تیشک خستنە سەر ئەخلاقە خراپەکان لە پەندە کوردییەکاندا زیاترە لە ڕێژەی ئەخلاقە باشەکان.
٥- لە ڕێگای پەندەکانەوە ئەوە دەرخستراوە کە پەیڕەوکردنی بنەما ئەخلاقییەکان دەروازەیەکە بۆ ئارامی و دان بەخۆداگرتوویی و متمانەبەخۆبوون و بوێری و خۆڕاگری و سەرکەوتن و سەرفرازی و نەمانی گرفتە دەروونییەکان.
٦- ڕێبازی دەروونناسی ئەخلاقی لە ئەدەبدا پێچەوانەیە لەگەڵ دەروونشیکاری ئەدەبی، چونکە یەکەمیان ئەدەب بە بوارێک بۆ نمایشکردن و جەختکردنە سەر بەها ئەخلاقییەکان دادەنێ، کەچی دەروونشیکاری ئەدەب بە دەروازەیەک بۆ واڵاکردنی غەریزە و حەزو ئارەزوو چەپێندراوەکان دادەنێ.
٧- ئایین ڕۆڵێکی کاریگەری لە پابەندبوون بە بەها ئەخلاقی و هەڵسوکەوتە ئاکاریەکان دەبینێت و بە ڕێگایەک بۆ چاکسازی دەروون دادەنرێ.
٨- پەیوەندی ئەخلاق و دەروون پەیوەندییەکی حاشا هەڵنەگر و ڕوونە وەکو دوو دیوی دراوێک وان کە هەمیشە ڕێیان دەکەوێتە سەر یەکتر.
٩- ناسنامەی ئەخلاقی تاک بە هۆی هێزە دەروونییەکانەوە گەشەدەستێنێت و گۆڕانکاری لە ڕەفتاری تاک دەکات و دەرووندروستی بەرهەم دێنێنێت.

**سەرچاوەکان**


**أ- سەرچاوە کوردییەکان:**

1. تەحسین حەمە غەریب، قوتابخانەی فەزیلەتگەرایی، چاپخانەی ناوەندی سارا، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2020.
2. سەعید شاملۆ (د.)، قوتابخانە و تیۆرەکانی دەروونزانی کەسایەتی: فرمێسك رزگار محمد؟ سیدۆ داود عەلی، چاپخانەی گەنج، چاپە دووەم، سلێمانی، 2019.
3. سەلمان نادر، دەروازەیەك بۆ وەزیفەگەرایی ئەخلاقی ئەخلاقناسی کانت بە نموونە، ڕێکخراوی هەژان، چاپخانەی سارا، سلیمانی، 2020.
4. شێخ محمدی خاڵ، پەندی پێشینان، چاپخانەی شڤان، منتدى اقرأ الثقافي.
5. شیرین صالح محمد، ئەخلاق لەنێوان ئاین و فەلسەفە و کۆمەڵناسیدا، ڕێکخراوی هەژان، چاپخانەی سلێمانی، چاپی یەکەم، 2020.
6. عومەر عەلی غەفور، ئەخلاق لە سیاسەتدا، دیدێکی ڕەخنەیی، چاپخانەی ژین، چاپی یەکەم، ٢٠٠٢.
7. کەژاڵ جیهان بەخش محمد و بیستون حسن أحمد، دركپێکردنی میتا فۆری پەندی پێشینان لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، خولی 11، ژمارە (1)، نەورۆزی 2004.
8. محمد خانی، لەبارەی ئەخلاق و مەعنەویەت، سازدانی دیمانە: هیوا تاوەگۆزی، گۆڤاری چاوی هەژان، ژ (4)، 2012، سلێمانی.
9. موسعەب ئەدهەم، ئەخلاقی کرداری، ڕێکخراوی هەژان، چاپخانەی سارا، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2020.
10. نوعمان محەمەد ئەڵماس، سروشتی پەیوەندی نێوان ئایین و ئەخلاق، ڕێکخراوی هەژان بۆ فیکر و مەعنەوییەت، چاپخانەی سارا، چاپی یەکەم، سلیمانی، ٢٠٢٠.
11. هێرۆ عبدالرحمن مصطفی، شێوازی شیعری منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا، زانکۆی سەڵاحەددین، کۆلێژی زمان، 2023.

**ب- سەرچاوە عەرەبییەکان:**

12. ابتسام الزويني (د.)، علم النفس العام، كلية التربية، قسم اللغة العربية، جامعة بابل، 2017.
13. ابراهيم الفقي (د.)، قوة العقل الباطني، ثمرات للنشر والتوزيع، الطبعة الأولى، 2011.
14. أبو حامد محمد بن محمد الغزالي الطوسي، إحياء علوم الدين، المكتبة الشاملة، دار المعرفة، ج3، بيروت، 2019.
15. أحمد عبدالعليم عطية (د.)، الفلسفة العامة نظرة جديدة، دار قباء للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة.
16. اشواق سامي جرجيس، الغضب وعلاقته ببعض سمات الشخصية، العدد السادس وثلاثون، الجزء الثاني، أبريل ٢٠١٣.
17. أميرة محمود محمد، برنامج مقترح في قضايا علم النفس الأخلاقي لتنمية الوعي، مجلة جامعة الفيوم للعلوم التربوية والنفسية، المجلد (17)، عدد (5)، أبريل 2023.
18. الجرجاني علي بن محمد بن علي الزين الشريف، التعريفات للجرجاني، تحقيق جماعة من العلماء، دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان، الطبعة الأولى، ١٩٨٣.
19. حسن مصطفى عبد المعطي/ هدى محمد قناوي، علم النفس النمو، القباء للنشر والتوزيع، مكتبة النور، 2017.
20. خالد بن جمعة بن عثمان الخراز، موسوعة الأخلاق.

21. خالد مناحي هديب القحطاني و عبدالله مناحي هديب القحطاني، سمة الصبر و علاقتها بأساليب مواجهة النفسية، مجلة البحث العلمي في التربية، المجلد (22)، العدد الثاني، 2021.
22. دينا شرف الدين، مكارم الأخلاق (٤) العدل، 31 أغسطس ٢٠١٨، اليوم السابع، قاهرة.
23. راغب الأصفهاني، الذريعة إلى مكارم الشريعة، الطبعة الأولى، بيروت، لبنان، ١٩٨٠.
24. راغب الأصفهاني، معجم مفردات ألفاظ القرآن، دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان، ٢٠٠٤.
25. زكي مبارك، الأخلاق عند الغزالي، مؤسسة هنداوي للتعليم والثقافة، جمهورية المصر العربية، 2012.
26. سامية عرعار و سامية خنضار، الالتزام بالسوك الأخلاقي وقاية من الأمراض النفسية، مجلة دراسات، جامعة عمار ثليجي بالأغواط، عدد (33).
27. سليم بزيو (د.)، دروس جامعية في علم النفس التربوي، جامعة محمد خيضر بسكرة، 2016.
28. سميرة عبدالرحمن آل زاهب، الجهل مفهومه ودلائله والآثار المترتبة عليه، المجلد التاسع من العدد السادس والثلاثين، مجلة كلية الدراسات الاسلامية والعربية للبنات بالإسكندرية.
29. سهر سالم وحاليد خياط، الشجاعة في ضوء علم النفس الإيجابي، مجلة أبعاد، مجلة (10)، عدد (1)، 2023، جزائر.
30. عثمان محمد عثمان (د.)، تطور مفهوم العدالة الأخلاقي والسياسي بين الفكر اليوناني والفكر الإسلامي، مجلة كلية الآداب، جامعة العريش، القاهرة، المجلد (8)، العدد (3)، 6 أبريل 327.
31. محمد يوسف موسى، فلسفة الأخلاق في الإسلام وصلاتها بالفلسفة الإغريقية، مطبعة الرسالة، الطبعة الثانية، الروضة، ١٩٤٥.
32. محمود حمدى زقزوق (د.)، مقدمة في علم الأخلاق، دار القلم، الطبعة الثالثة، الكويت، 1983.
33. يوسف كرم، تاريخ الفلسفة اليونانية، مطبعة الجنة للتأليف والترجمة والنشر، ١٩٤٦، القاهرة.

**ج- ماڵپەڕەکان:**

34. آسيا صالحة، السلوك الأخلاقي في علم النفس، 23 نوفمبر 2022. /http://mawd003.com
35. أنطوان الشرتوني، النميمة وراءها الضعينة، 2016. aljoumhouria.com
36. ضياء احمد الجالودي، علم النفس الأخلاقي.
https://www.scribd.com/document/708267139/
37. عقدة النقص، ويكيبيديا، /https://arzim.wikipedia.org/wiki
38. علم النفس الأخلاقي: كيفية فهم السلوك البشري والتأثير عليه بطريقه أخلاقية.
http://fastercapital com/arabpreneur/
39. علم النفس الأخلاقي، كلية ماكو مبس لإدارة الأعمال.
https://ethicsunwrapped.utexas.edu/glossary/moral-psychology
40. علم النفس الأخلاقي، ويكيبيديا، الموسوعة الحرة. ar.wikipedia.org.
41. ما مفهوم الرغبة وتفسيرها في علم الفلسفة وعلم النفس؟ https://www.edarabig.com
42. Britannica, The Editors of Encyclopaedia. "moral psychology". Encyclopedia Britannica, 8 Jun. 2023, https://www.britannica.com /science/moral-psychology. Accessed 13 September 2024.

# قراءة في أمثال الشيخ محمد خال من منظور علم النفس الأخلاقي

د. سازان جوهر حمەغريب
جامعة صلاح الدين/ كلية اللغات
sazan.hamaghareb@su.edu.krd

د. سمية نجيب خليل
جامعة صلاح الدين/ كلية الهندسة
sumaya.klalil@su.edu.krd

**الملخص**

يغطي السلوك الأخلاقي جانبا مهما من شخصيات الناس ومهنهم ويعتبر مبدأ أساسيا في تقييم صورة الفرد في المجتمع. في علم النفس، ينظر إلى السلوكيات الأخلاقية على أنها الهوية الأخلاقية للفرد في المجتمع وينظر إليها على أنها تحسن صورة الفرد وقدرته على اتخاذ القرارات السليمة والقضاء على القلق والنجاح.

يمكن تحليل الأمثال كنص أدبي، يولد من حالة ذهنية ويحمل العديد من المفاهيم والقيم الأخلاقية والقيم غير الأخلاقية، في إطار علم النفس الأخلاقي ويمكن تحديد أهم السلوكيات الأخلاقية. وفي نفس الوقت يتم التعرف على الميول والأفكار غير الأخلاقية التي ترفضها المعتقدات والتقاليد الثقافية للشعب الكردي بشكل عام والأنا الأعلى للفرد الكردي بشكل خاص.

يتكون هذا البحث من قسمين. القسم الأول يتناول مفاهيم ومصطلحات علم النفس الأخلاقي ومبادئ ومزايا هذا المفهوم في علم النفس وأهمية قيمة السلوكيات الأخلاقية والدوافع الأخلاقية على الشخصية نفسيا. والقسم الثاني مخصص لعكس أهم القيم الأخلاقية المنعكسة في الأمثال الكردية وتقييمها في إطار نفسي وأخلاقي وثقافي وقيمي للمجتمع الكردي.

الكلمات المفتاحية: علم النفس الأخلاقي، الدافعية، قوة العقل، الأخلاق، الأمثال.

# A Reading of the Proverbs of Sheikh Mohammed Khal from the Perspective of Moral Psychology

Dr. Sazan Jawhar Hamaghareb
Salahaddin University/ College of Language
sazan.hamaghareb@su.edu.krd

Dr. Sumaya Najib Khalil
Salahaddin University/ College of Engineering
sumaya.klalil@su.edu.krd

**Summary**

Ethical behavior covers an important aspect of people's personalities and careers and is considered a key principle in evaluating an individual's image in society. In psychology, ethical behaviors are viewed as an individual's moral identity in society and are considered to improve an individual's image, ability to make sound decisions, eliminate anxiety and success.

Proverbs as a literary text, which is born of a mental state and carries many concepts and moral values and anti-immoral values, can be analyzed within the framework of moral psychology and the most important moral behaviors can be identified. At the same time, the immoral tendencies and thoughts that are rejected by the beliefs and cultural traditions of the Kurdish people in general and by the superego of the Kurdish individual in particular are identified.

This paper consists of two parts. The first part deals with the concepts and terms of moral psychology, the principles and advantages of this concept in psychology, and the importance of the value of moral behaviors and moral motives on personality psychologically. The second part is dedicated to reflecting the most important moral values reflected in Kurdish proverbs and is evaluated in a psychological, moral, cultural and value framework of Kurdish society.

**Keywords:** moral psychology, motivation, power of mind, ethics, proverbs.